





PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# سارد یان گـــــــــــەرم ..!

**ریپۆرتاژ** 10

**شێرزاد هەینی**
**سوید**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەو ریپۆرتاژانە. پێش ساڵی 2005 ئامادەکرابوون، لە رۆژنامەی هەواڵ لە کەرکووک بڵاوکرانەوە، وەک نامیلکەش چاپیانکرد، دووبارە بە هەمان ناوەرۆک و مەبەست. لە ساڵی 2007 نووسراونەتەوە، بە زنجیرە لە ماڵپەری کڵاورۆژنە بەتایبەتی و ماڵپەرەکانی تر بڵاوکرانەوە،**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پێشکەشە ....**

**ناوی " شارڤان " م شازدە ساڵ بۆ کورێکم هەڵگرتبوو، وا لەم وڵاتە ساردو گەرمەدا ئەو کوڕەمان بوو، ناوەکەم لێنا.**

**پێشکەشە بە شارڤان.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

1

## ماری ...!

**ئەویش وەک من دوو زمانی دەزانی، یەکێکیان زمانی دایکو باوکی بوو. دووەمیش زمانی رۆمانی بوو. ئەو سنووره لەم دونیایە جەنجالە، بویتە ماری ڕەش، لە گەردەنی ملیونەها کەس ئاڵاوە، بە ئارەزووی خۆی کەی ئارەزووی هەڵسا ژەهری لە جەستەی میللەتان دەکات، لە کاتی پێویستیش پرۆپاگەندەی بازرگانی پێدەکات.**

**سنووری نێوان هەنگاریاو رۆمانیا. وەک سەدان سنووری تر، بۆ چەندین میللەت و کەلتوورو کێشەی ناوەتەوە. بەشێکی میللەتی هەنگاری بەرێژەی 10% کەوتونەتە ناو خاکی رۆمانیا. هەنگارییەکان ئەگەرچی حکومەتی رۆمانی زمانی خۆیانی فێرکردوون، زمانی خۆیان هەر لەبیرمابوو و شانازیش بە زمانەکەیان دەکەن. لە خوێندنی قۆناخەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و هەندێ کۆلیژەکانیش بەکاریان دەهێنا. بەڵام هەر خۆی بە بەختیار نەدەزانی کەوتونەتە ناو ئەو بەشەی ئەم وڵاتە، چونکە لە زۆر باشیەکانی وڵاتی هەنگاریا بێبەش ببوون.**

**" ماری " دوو زمانی چاک دەزانی. لێرەش وا هێدی هێدی، لەبەر هەرچی بێت زمانی ئەم وڵاتەش دەخوێنێت، بە سۆزەوە دەوام دەکات و کۆششی زۆری بۆ دەکات.**
**ماری بە چاو، بە ئاکاری ماندووی، بە ژان و هەناسەی قوولی زۆری لە ناخیدا شاراوەبوو. بە زمانە شڕەکەی کە هەردووکمان فێری ببوین، لە یەکتری حالی دەبووین. زۆری راگەیاند، زۆری پێبوو. منیش حەزم دەکرد زۆرتری لێ بزانم.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەمویست بزانم بەم تەمەنەی گەورەی خۆی، چۆن گەیشتیتە ئەم وڵاتەو ئەم پیاوەی کە ئێستا مێردیەتی چۆن بویتە نەسیبی..؟**

**ماری لە رۆژانی سەردەمی حکومی شاوشیشکۆدا زۆر ماندوو و زۆر چاوەروان ببوو. لەبەر دوو هۆ, وەک هەنگارییەک لەم وڵاتەدا کەمیینەیە، وەک رژێمیش گومانی هەبوو. وەک ملیوەنەها خەڵکی تری ئەم وڵاتە داماوەی دەستی زۆرداران، چاوەروان بوو. لە راوەستانی ریزی نان وەرگرتنی بە پسولەو لە زۆر رۆژگار و ..و .. پێی زاری ببوو. کە میللەت راپەری، کۆشک و نهێنی و دەستەڵاتی حکومەتەکە رووخا. کە لە رۆژی 24 دیسمبەر / کانونی یەکەمی1989دا، کە شاوشیشکۆو ژنەکەی کوژران، خۆری ئازادی هەڵات، ئاهەنگ و شادومانی سەرکەوتن، درێژەی کێشا. میللەت ئاهەنگی گێرا، هەنگارییەکانی ناو رۆمانیا زۆرتر شادییان نواند.**

**مێردەکەی ئەو لە ناو ئاهەنگ و شادییا، مەستی هەڵبژارد، ئەوەندە مەست بوو هوشیار نەبۆوە. مەستی ئەو خەوتن بوو لەگەڵ شووشەی شەراب، شادی و ئاهەنگی ئەو چەندین هەفتەو مانگی خایاند. خەڵکی خەریکی بازارو سەرلەنوێ دانانیماڵی تازەی بوو، ئەو جۆری شەرابەکەی بە جۆری هەرزانترو خراپتر دەگۆرییەوە. ئەو پارەی دەستی دەکەوت بە ئاهەنگی مەستی دەدا. ئەوەندە سەرخۆش بوو، وەک دەڵێن بەری نەدا.**

**ماری، زۆری لێی پارایەوەو زۆر نوزایەوە. کورە جوان و خورتەکانی هاێنایە دەخیلی، ئەو زۆرتری دەخواردەوە. شەرابی تاڵ و مەزەی ترش و شەوچەرەی مەستی بە هیچ نەدا. لاپەرەی کتێبەکانی رۆژانی خوێندنەوەی کردە چراو گەرمی ساتە بێ کارەباییەکەیان. قسە خۆشەویستیەکانی، بەرگی جنێوو ئاکاری شەڕی لەبەرکرد. ئەوەی جوان و ناسک و موقەدس بوو، ئاوەگری کرد. دوورکەوتەوە، شەوان نەهاتەوە، رۆژان بۆ ئاژاوەو دامرکاندنی دەردی بێ ئیشی دەگەرایەوە، بۆ پارە داواکردن لە موچەی کەم و پچرپچرەکەی ئەو شەڕی لە شوقە ساردەکەدا دەکردەوە. کەم سات هەبوو مەست نەبێ، وەک جاران هوشیارو بەئاگابێت، تا وشە ناسکەکانی جارانیان پێ بڵێتەوە. بواری نازی جارانی دۆراند، گوڵەکانی کردە درِک.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ماڵەکەی ئەوان سەردەمی زۆرداری هەر مابوو. له ماڵی وان زۆردارێک ڕۆیشتبوو، یەکێکی ترو بە بەرگێکی تر پەیدابببوو. ناخۆشیەکان له ماڵەوە دەربازی دادگابوون، لەسەر مێزه شرەکەی خوانی ساردو سریان گەیشتە سەر مێزی گەرمی دادگا. پاش چەند جار مۆلەت و بوار، پاش ئامۆژگاری و بەدواچوونەوە، بریاردرا، ماری و مێردەکەی جیابنەوە، وەک چۆن له راستیدا جیاببونەوە، لەسەر پسولەو لەناو خەڵکیش بە رەسمی جیابوونەوە.
ماری ئەلقەی خەڵاتی زەمانی ئەڤینی فرێ نەدا، ڕۆژانی خەندەو نازو پیرۆزی لەبیر نەچوو. لەناو دڵ و هەناوییدا بورکانی گڕی سۆزی جاران هەر بە کلپەو جۆش بوو. ئەویش لەدوورەوە بۆنی خۆلەمێشی سوتانی دەهات، کەم کەم له دووری و بێ نازی دەتاوایەوە. کوژایەوەو زانیمان مردووە، کە زانی من مێردم بەو پیاوە کردووەو بۆ یەکجاری باردەکەم و جارێکی تر نامبینێتەوە، ئەو بەستەزمانە بە مەستی مرد ...!

قەدەر یان شەڕ، هەر شەڕە..!!؟؟ ماڵ، بە شەڕو ناکۆکی کاوڵ دەبێت.
لەیەکێک لەشەڕە بەردەوامەکانی ناوچەکە، کۆچ و کۆچباری ئەم پیاوەی ئێستای ماری لە هەنگاریا هەڵقەنابوو، باوکیان قۆڵی هەر سێ کورو ژنەکەی گرتبوو، سنوور بە سنوور وەک دێوەرە گەرابوو، گەرابوو بۆ نەوایەکی دوورە شەڕ، شەڕی لێ نەبێت، لەمێژ بێت شەڕی لێ روونەدابێت. سارد بێ، دوور بێ، کەس و خزم و ناسیاریشی لێ نەبێ، بێ زمان، کەلتوور جیاواز، خواردن و خواردنەوە جیاواز، مەزهەب و رامان دوور. بەس شەڕی لێ نەبێت. گەیشتە ئەو وڵاتەی ئێستای کە لە مێژه شەڕی لێ نەبووە. ئەوان هاتن، پاش چەند ساڵێک شەڕی دژواری جیهانی دووەم قەوما، ئەم وڵاتە بوە کاروان و کەوتە ناو گێژاوەکەو شەڕی لێ روو نەدا. لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا نزیکەی نیو ملیۆن خەڵکی وڵاتانی چواردەورەی لەبەر ئاگری شەڕ روویان تێکردو شەڕی لێ روو نەدا. بریارەکەی باوکیان راست دەرچوو. لێرە ژیان و ئارام کاریانکرد، بەڵام باوکیان زمانی هەنگاریی لە یەخەو بەرۆک و ویژدانی هەر سێ کورەکەی دابوون.



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بە زمانی ئەو، وەک دەڵێت، پیاوەکەم، پیاوەکەی وەک هەر کەسێکی ئەم وڵاتە ژیاو ژنی هێناو دوو مناڵیشی بوو، وەک نەریتی باوی ئێرە، ژنەکەی لەو تەمەنەی کە لە هەموو تەمەنێک زۆرتر ئیشی بە هاوسەرە، لەو تەمەنەی تەنیایی شەوان، ساردی زستانی دوورو ناخۆشە، ژنە سویدییەکەی داوای جیابونەوەی کرد.**

**ئەو کە کورو کیژەکەی دوور کەوتنەوەو شوێنەواریان بووە تەلەفۆنێک، یان چەژنانەی سەری ساڵ، یان ئاهەنگی چەژنی لەدایکبوون. بە ناچاری و بە رەسمی وەک چۆن بە نارەسمی مێردی پێکردبوو، بە رەسمی و بەیەکجاری لە ژنە سویدییەکەی جیابۆوە.**

**پیرەمێردی لات و ماندوو، بە نەژاد هەنگاری بێ ژن ناحەوێتەوە.**

**قەلی بەرەڵای بەختی ماری لەسەر سەری نیشتەوە. ئەمجارەیان لە کەنیسەو بە مەراسیمی ژنهێنانی هەنگارییان ( ماری ) ی مارەکرد.**

**مارەی کرد، چونکە" سامبۆ "، ژن و مێردی بێ مارەبرین، هێشتا نەگەیشتبووە وڵاتەکەیان، وەک ماری وتی، لە لاپەرەکانی یاساو شەریعەتیان ئەم زاراوە تۆمارنەکراوە، بۆیە بە پیرۆزی خۆمان بووینە ژن ومێرد.**

**ــ چۆن دەگوزەرێنیت .. ؟؟**

**ــ بۆ کورەکانم دەژیم، ماوە ماوە، ئەوەی لەو پارەی مێردەکەم و لە پارەی ئەم مەکتەبە بۆم دەمینێتەوە، بۆیان دەنێرمەوە..!! پارەکەی رۆمانیا نرخی نییە، پارەی وڵاتانی تورکیاو هەنگاری زۆر بەهێزترە. خەڵکی بە رەوە بەرەو تورکیا بۆ ئیش و کرین و خۆدزینەوەو خۆدۆراندن.. دەچن. یەک کرۆنی سویدی سێ هەزار لەی رۆمانییە...!**

**لە وڵاتەکەمان ئازادی هەیە، بەڵاَم نان زەحمەتە، موچەی خانەنشینی نییە، سەرمایەداران چاومان دەردەهێنن.**

**ماری بە نامەو راسپاردەی ناسیارێکی لەم شارە ئەم پیاوەی دۆزیوەتەوە، پیاوەکە بەلەمی تایبەتی راوە ماسی و سواربونی شەپۆلی هەیە. دوا مۆدیلی ئۆتومبێلی لەبنە، خانووەکەی دوو نهۆمەو باخچەکەی بەرماڵان و دەرەوەی سەدان رەنگەو جۆرەها گوڵی تێدایە. قسەی خۆشەو بە زمانێکی هەنگاری پاراوو شیرین دەیدوێنێت. قەدەر وای کرد......!!؟؟ پیاوێکی هاونیشتیمانی**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**سویدی بە نەژاد هەنگاری لەتەمەنی شێست سالآنی رەبەن. ببێتە هاوسەری ژنێکی هاوولآتی رۆمانی بە نەژاد هەنگاری تەمەن لە ژێرەوەی شێست. یان خوێن و نەژادو زمان و لێقەومانیان بەیەکتری ئاشناکردن.**
**ـ ئێستا بیری رەحمەتی ناکەیت..؟؟**
**( بە ناوو یادی، رەنگی گۆرا، شلەژا. نەیزانی بە چە زمانێک، بە چە شێوەیەک ئەم سۆزە نهێنیە دەرببرێت. چۆن حالیم بکات، خۆشەویستی بە زمان و دەنگ و نوسین جوان تۆمارنابێت. ئەوەندەی لە چاو و فرمێسک و ئاکارو زمانە شرەکەی هەردووکمان، خوێندمەوە ).**
**ـ زۆر یادی دەکەم، شەرمەزاری گۆری ئەوم. ئەو چەند شەراب و من و کورەکانی خۆش دەویست، من زۆرتر، ئەو چەند پەشیمانە، من زۆرتر، ئێستاش لە تەنیایی و لە تەنیشت پەنجەرەیەک، مومێک بۆ گیانی پر خۆشەویستی منی بۆ دادەگیرسێنم. مومەکەو روحی من بەیەکەوە بۆ روحی پاکی دەسوتێن.**
**چاوە کزو ماندووەکەی بەهێزبوو لە رشتن و بارینی زۆری ئەشکی گەرم، زۆری هەڵگرتبوو، زۆر بەسەر روومەتە چورچەکەیدا شۆربۆوە.**
**ئەو دەگریاو منیش لە ناخی خۆمدا لەگەڵ سوتانم بۆ عەشقی پاکی پەشیمانی، هێلی ئەم ریپۆرتاژم دەنەخشاندو لە ناخمەوە وتم:**
**لەعنەت لە شەرو دیکتاتۆرییەت، ملیۆنەها عەشق و ئەڤین دەکەنە دووکەڵ.!**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

2

# نـایل

چەند لە دایکو باوکم پارامەوە، حەزم دەکرد، بەتەنیا نەبووم دەستە خوشک و ناسیارم هەبوون، ئەوانیش دەهاتن، تامەزرۆبوم. بەلاَم ئەوان گفتیان نەداو بواریان نەدام. بەخۆشم گچکەبووم، زۆر نەمدەفامی. ئەوان راستبون، یان بۆم ریکنەکەوت .

ــ کیژم تەمەنم گەیشتە ئەو تەمەنە، نەمزانیوە ئەوەی چووبێت، گەرابێتەوە، ولاَتەکە گەورەیە، تەونی سیحری جالجالۆکەیە، لە ناوییدا بزر دەبیت و ناگەرێتەوە .ولاَتەکە دوورە .

ــ دایە، ئەوە بوارت نەدام ناوم لە لیستی رۆیشتنم بۆ ئەمریکا بنووسم، چاوەرێی بەخت و نۆرەی خۆم بکەم. ئەوەم بە گوێ کردی، وا ئەمجارە بۆ ولاَتێکی بەرامبەرمان هەیە. بە پاپۆرەو بە شەوو رۆژێک لە پایتەخە جوانەکەیان دادەبەزین و بەیانیەکەی دەگەینە هەوارەکە .

بەم دەمەتەقیە کورت و درێژانە، سەفەری ( لینا ) دەستی پێکردو ورد ورد بۆی گێرامەوە.

ریپۆرتاژو دیداری رۆژنامەگەری لەگەڵ ناسکی وا خۆشە. راستت پێدەڵێت. نەرم ونیان دەدوێت. جوان و جوانتر خۆی دەنوێنێت. بە شانازی و بە زەوقەوە قسان دەکات. لەبەر کێشەی زمانەکەمان کاتی زۆرتری دەویست، تا چاک و باش حالیم بکات. فێلم لێکردبوو، پێم وتبوو، ئەگەر کات و تاقەتت هەبێ و حەز بکەیت، باسی ولاَت و نیشتیمان و خاک و پارەو زمان و .. بۆ بکە. من لەناو قسەکانا پرسی مەبەستم لێدەکرد، ئەوەی ویستم هەندێکم وەرگرت



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کە لە وڵاتەکەیم پرسی، بە نازەوە وتی :**

**وڵاتەکەمان، ناوی ( لیتاون ) ە. پایتەختی پیلنۆسە. یەک دۆلاری ئەمریکی چوار لیتاسی لیتاونیە .**

**کە لێم پرسی لە ناو چوارچیوەی یەکێتی سۆڤیەتا رەوشتان چۆن بوو. هێشتا رستەکەم تەواو نەکردبوو هاتە ولاَم، زۆر دڵپربوو. بەپەلەبوو بۆ ولاَمەکەی ئەگەرچی تەمەنی لە تەمەنی گوڵێکی ناسکبوو، بەلاَم زۆری دەزانی، ئەگەرچی جوان و نازدار بوو، بە رقەوە وەلاَمی دەدایەوە .**

**کەس ماوە خۆزگە بەو رژێمەی جاران بخوازێت ..؟؟**

**دەگمەن ...! ـــ**

**ویستم لەو ئاقارەی دووربخەمەوە، بەراستی هەر سیاسەت و گلەیی و نارەزایی تامی نەماوە. حەز دەکەم بزانم کۆچ و سەفەر چۆنە، هەوار بۆ دەگۆرێت. بۆخچەو جانتای شادی و ئیسراحەت، بزانم چۆن دەپێچرێتەوە .**

**شارەکەمان ببووە دەستەخوشکی ئەم شارە، مۆری هاوکاری و سەردان و مێوانداریان بۆ گەنجان. کرابوو، سەرۆکایەتی شارەوانیەکەمان ماندووبوو، تا دۆستایەتیەکە بۆ دۆستایەتی بێت، پار ناوم بە داوەتێکی یەک ساڵی، داوەتی فێربونی زمان و کەلتوورو دۆستایەتی هاتەوە، هەموو رەزامەندییەکانی ناو خێزان و سەفارەت و بریاری ناخی خۆم تەواوببوون، بۆیە سواربووم. ئێمە پێنج کیژی تەمەن نزیک بیست سالاَن هاتین. لە دڵی خۆمادا وتم:**

**کیژی ناسک و جوانیان هەندە کەمە هەر ئێوەی دەویست !!..**

**سەیرە ئەم وڵاتە وا دەزانی یەک ملێون سەربازی لە بەرەکانی شەڕەدایە..!! وەک وڵاتەکەی خۆمان، ئەوە بیست، سی ساڵە شانازی بە بونی یەک ملێون چەکدار دەکات. یان وا دەزانی پیاوانیان لە کانزاکاناو لە بن زەوی کاردەکەن، کۆمەڵەکە زۆرینەی مێینەیە، ئێوەشی هاتەسەر. جوانی زۆرە، بەلاَم چاوی ئەو لەناو دوو شوشەی چاویلکەی خوێندنەوەدا، لە دوو ماسی رەنگینی ژیر ئاوی گۆمی مەندو بێگەردەکانی ئێرە دەکات. جوانی زۆرە بەلاَم، نازی ئەو بواری**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەدا بە تەواوبونی مۆلەتی داوەتەکەی خوێندنی بروات و نەگەڕێتەوە. وەرزی خوێندنی تەواوبوو، هاوینەکەی دڵگەرم بە بیانۆی فێربونی باشی زمان گەرایەوە. بەلاَم دڵی نەگەرایەوە، چاوی نەگەرایەوە، پەنجەی بێ ئەنگوستیلەی هەڵبژاردن و خۆشەویستی نەگەرایەوە. لینا ئەو لوقمە نەبوو نەخورێت، ئەو گوڵە نەبوو بۆن نەکرێت، زوو بۆن کرا، زووتر دەستنیشانکرا، بۆیە مایەو .

هەموو خێزانێک، بنەماڵەیەک، وەک نەریت و کەلتوورو خوداپەرستی، لە دەڤەرێکی قەشەنگ و بەرچاوی نزیک ماڵەکانیان. خاچ بۆ دوعاو پارانەوەو مەراز دەچەقێنن. خاچەکان لە تەنیشت یەک، گەورەو بچوک، کۆن و تازە، سەربەرزو کۆک، بە خزمەت راگیراون. پیرۆزن، کەس دەستکارییان ناکەن، وەک بڵێت، خاچی گەورەو باپیرەش هەیە، کە بە تەمەنەو زۆر پاراوەتەوەو زۆری لە لا تۆمارە. لە تەنیشت ئەوەوە چەندی تری وردو گچکەو بە قوماشی رەنگین لوولدراو، دانراون. ساڵ بە ساڵ، لەگەڵ هەر سەردان و دوعاو مەرازیک خاچێکی کۆرپە رادەگیرێت و زیادەکات .

دایکی لیناش خاچێکی رەنگاورەنگی شووسە ئاسای لە گۆشەیەکی تایبەتی، لە شوێنێکی دیار بۆی دانابوو. بەڵام چاوی ئەو خاچی پارانەوەی نەدەویست، چاوی ئەو ترس و گومانی نەدەویست، لینا ماسییەو لە ئاو ناترسێت، لوتکەیە لە بەفر ناترسیت .

وێنەیەکی چاپکراوی چەژنانەی خاچستانێکی خۆیانی دەرهێنا، لە پشتیی بە زمانی لیتاونی پێناسەی خاچە پیرۆزەکان کراوە، نیشانی دام و وتی :

کە هاتم دایکم لەسەر ئەو خاچەستانە دێرینەی بنەماڵەکەمان، کە پشتاو پشت بۆمان بەجێماوە، دوعای سەفەری خێری بۆ کردم. ترسم نییە. لەو خاچانە پشتیوانیم بۆ دێت، ئەم خاچانە سەنگەرو نەوامەو دەمپارێزێت لە دەردو گوناح و سنوورو ماچی لەزەت.



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

3

# کیکی

**پێکەنینەکەی ئاوازێکی تایبەتی هەبوو، بە ئاوازو سەدایەکەی مەست دەبووم. زوو زوو نیگایەکم لێدەکرد. پرچی شامار نەبوو، کورت و بە چەند رەنگێ خۆی دەنوواند. چاویلکە وردو چوارچیوە رەشەکەی سەر چاوانی، ناشیرینی نەکردبوو. ئەدی کورتەی باڵاکەی..!! زۆرتر شیرینی کردبوو. وشەکانی زاری، رستەکانی ئاخاوتنی " کیکی" وەک کزەی شەماڵی فێنک گوزەری دەکرد. بە سادەیی و لەسەرخۆو بە شیرینی قسەی دەکرد. چەند خۆشە ئەوەی بەرامبەرت دڵی خۆی بۆت بکاتەوەو زانیاری نوێت بداتێ، ئەوەی بەسەری هاتووەو وردو راست و رەوان بۆت بگێرێتەوە.**

**تۆ نازانی لەم وڵاتەدا هاووڵاتی زۆری بە رەگەز فنلندایی دەژین، لە رۆژان و پاش شەڕی دووەمی جیهان و لە برسان و بۆ کار هاتوون، تۆ نازانی ژمارەیەکی زۆری مناڵیان لە ئاگری شەرەکە دوورخستبووە، زۆر لەوانە مانەوە. ئەوان و خەڵکێکی زۆری وڵاتانی دانیمارک و نەرویژ ژمارەیان نزیکەی دوو سەد هەزار کەس دەبوو، رەویان کردووە. بە یەک پلیتی پاپۆرێک لە دەریای نێوانیان پەریونەتەوە. زۆریان مانەوە، لەم وڵاتەدا ئاوێتەبوون، زۆریشیان رۆیشتنەوە، بۆ کۆنە هەواری پیرۆزیان گەرانەوە. یان دایکو باوکیان گەرانەوە سەر هەوارو سەر رەگ و ریشەو لای یادو بیرەوەری مناڵیان.**

**کیکی لێرە گەورەو هەراش بووەو مێردی کردووە. زمانەکە فێربووە، زمانی دایکو باوکی لەبیرچۆتەوە. ئەوان گەرانەوە سەر خانووو باخچەکانیان، ناو گەرماوە تایبەتیەکەی خۆیان. ئەوان گەرانەوە، هیچ کام لە مناڵەکانیان نەگەرانەوە. ئەوان گەرانەوەو زۆر خێزانی تر نەگەرانەوە. زۆر مانەوەو لێرە ژیان و شویانکرد، ژنیان هێناو زمانەکەیان لەبیرنەچوو. زۆر لەوانە هەر پێیان دەڵێن فنلندی. بەرنامەی تایبەتی رادیوو تەلەڤزیۆنیان هەیە. مانەوە لەزۆر شتی یەک نزیکن. بەڵام زمانیان دوورە. زمانی زۆر لە وڵاتانی هاوسنووری یەک، لەیەک نزیکە، تەنیا ئەو دوو زمانە نەبێت. هەموو ئەو نهێنیە گەورەیە**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نازانن، بۆچی زمانی ئەو دوو میللەتە وا لەیەک دوورن ..!! ئەو دوو زمانە لەیەک دوورە، وەک هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وایە، کورد لەگەڵ عەرەب هاوسنوورن، بەڵام زمانیان زۆر لەیەک دوورە ..!! وەک کوردی و تورکی وایە، دوورن، رستەی بە رستەیەکی ئەوی تر ناچێت..!**

**کیکی، بە کراسی گوڵ گوڵەوە، بە بۆنی سازگارەوە، بە دەستی ناسکی بە جگەرەوە، بە خەندەی قوول و بە نازەوە وتی:**

**یەک ساڵە مێردەکەم بە نەخۆشی کانسار " شێرپەنچە" مردووە. زۆر نییە، هەر ساڵێک دەبێت...! بەڵام وا خەریکم بگوازمەوە لای دەستگیرانەکەم، ئەو لە شارێکی تر دەژیت. ئەو ڤیلایەکی گەورەی تایبەتی خۆی هەیە. چاوەروانم، تا بوار دەرخسێت، ئەو بەسەردان دێت و منیش زۆر دەچم.**

**ئەو منالّی زۆری لە کۆنە ژنەکەی هەیە، منیش منالّی زۆرترم هەیە، هەردوولا تێکەڵدەکەینەوە.**

**بواری نەدا داوای سەرەخۆشی لێبکەم. ئەو زوو وتی ئێستا دەستگیرانم هەیە. ئەو بە پێکەنینەوە، وتی ژانەکەی سەخت بوو، زوو کوشتی، زوو دکتۆرەکان بە خۆی و بە منیان ووت، دەمری .. زوو مرد ..!**

**کۆچبەرە بە نەژاد فنلندییەکان، بەرنامەو هەواڵ و دیداری تەلەڤزیۆنیان بە زمانی فنلندی هەیە. لەبەرئەوەی لەسەر سنووری یەکن، هەردوولا، هەردوو دەولەت ئیش بۆ ئەوە دەکەن، زمانەکان نامۆ نەبێت، خەڵکەکە زمانەکان وەردەگرن. بەڵام ئەو وتی:**

**من هەر چەند رستەو وشەیەک لە زمانی دایکو باوکم دەزانم، ئەوان گەرانەوەو چوونەوە سەر زەوی و ماڵەکانیان، ئێمە لێرە گیرساینەوە ..! ئەوان لە ناو دارستانە چرەکانا یادو بیرەوەری زۆریان هەبوو، ئەوان بەلێنیان بە خاک و بەفرو دارستانەکانیان دابوو، ئەگەر شەرِ راوەستێت دەگەرێنەوە، لەسەر ئێمە رانەوەستان، بیریان لە ئێمە نەکردەوە. ئەوان گەرانەوە ناو کەلاوەو تارمایی، لێرە لە هیچیان کەم نەبوو، بە پەلە گەرانەوە.**

**ئەوان فێرن، پاش هەناسەی گەرم و هەڵم ئاوی کولاو و ژووری تەنگ و نەفسبرکراو، خۆیان لەناو شەختەو سەهۆلی زستانا، بە رووتی ژن و پیاوەکان لەسەر شەختە دەگەوزن، مەلەوانی دەکەن ..! ئەوان وا دەزانن ژنی ئاوس،**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم شوێنە بژێت، تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی باش دەبێت. گەرانەوە، ئابووری وڵاتەکەیان گەشەی کردو گەڕانەوە.
وڵاتی فنلنداش پاش رەوینەوەی تەمی شەڕی گەرم و ماڵوێرانەکەی دووەمی جیهان کەوتنەوە کار، ئاوارەکان بونە دەست و پارەو هزر، گەشەیان بە بازارو کارگەو ئابووریاندا. بۆیە هەزاری وەک دایکو باوکی کیکی گەرانەوە، هەزار کۆتری باڵنەخشین و دەنووک سووری وەک ئەویان لە سوید جێهێشت.

- زۆر دەگەرێتەوە بۆ سەردانیان..؟؟
- نەخێر، زۆر بە دەگمەن.!! بیست ساڵە، یەک دوو جار چوومەتەوە، ئەوان دێن، تەلەفۆن دەکەین، جەژنانەو دیاری سەری ساڵ و جەژنی لەدایکبوونمان بەردەوامە.
- شوناسنامەی سویدیت هەیە..؟؟
- نەخێر، هەر شوناسنامەو جنسیەو جەوازم فنلندییە.!
- بۆ تا ئیمرۆ جنسیەی سویدیت وەرنەگرتووە..؟؟
- نەخێر جنسیەی سویدیم نییە...!! هەربیریشم لەوە هەر نەکردیتەوە، ئەدی جنسیەی خۆم، ئەدی وڵاتی خۆم.

کیکی، لەچەند وشە زیاتر زمانی فنلندی نازانی، مێردی یەکەمی لە سوید بووەو چەند زارۆکی لەو وڵاتەو لە پیاوێکی سویدی بووە. خوێندن و دڵداری و مەلەوانی و یاری لەو وڵاتەکردووە، لە خاکی ئەو وڵاتەدا باخچەی چاکردووە، لە دەریاچەکانا راوە ماسیکردووە، لە زستانی شەختەو بەفرا بەزو چەوری بۆ باڵندە لە سەر لقی دارەکانی ناو باخچەکانا بەرز راگرتووە. دووەم پیاویش، وا لەو وڵاتەدا دەبێتە هاوسەری. بەڵام بیری لەوە نەکردیتەوە، جنسیەی وڵاتی سویدی وەرگرێت. لێرە خانەنشین دەبێت، وەک ئەوان دەژیت، هەموو ماف و پێویستیەکانی یاسایی و رەسمی بۆ دابینکراوە، بەڵام بۆ وەرگرتنی جنسیەی وڵاتێکی بێگانە پەلەی نەبووە، تەنگاو نەبووە، شەوو رۆژ بیری لێنەکردیتەوە.



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

4

# ئەلکسیس

**کە تازە هاتبوومە ئەو وڵاتەو ئەو کورەشم نەببوو، مانگانەکەم کەم بوو، لە لەدایکبوونی بوونی منداڵەکە بەپەلەبوم، تا مانگانە ئەو پارەی هەموو ژنیک لەبڕی بەخێوکردنی منالْ لە حکومەت وەریدەگرێت بەرم بکەویت. پارەکە مانگانە کۆ بکەمەوەو بیکەمە دۆلارو بە بانک رەوانەی بکەمەوە. بەڵێ مانگانەو بێ دواکەوتن بە بانک رەوانەم دەکردەوە. لە وڵاتی ئێمە پۆست دەکریتەوە، فیل ئاودیو دەکەن، ئینجا دۆلاری بە نرخیان دەست بکەویت. ئەدی ئەوە نییە سەرۆک کۆمار، لەسەر دزی و پارە لفکردن لە تەخت داگیراو دادگایش دەکرێت. ئەو رستانە پەیڤی نووساوو ماندووی ژنێکی فلیپینیە.**

**مانیلا، پایتەختی فلیپین بە دە ساڵ سەرژمێری دانیشتوانی لە یەک ملیون گەیشتە دە ملیون. ئەلکسیس وتی:**

**بۆیە بە هاتنم بۆ ئەم وڵاتە پەشیمان نیم. هەزاری لە من باشترو ناسکتر کۆشش بۆ دەرەوە بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەوروپی دەکەن. وڵاتی ئێمە جوانە، حەوت هەزار دوورگەیە، هەشت سەدو پەنجا دوورگەی ژیانی تێدایە. برنج و شەکرو قاوەو گەنمەشامی و .. بەروبوومان زۆرە. ساڵانە نزیکەی بیست تۆن زۆرتر زێر، پەنجا شێست تۆن زیو، لە ژێر خاکی بە پیتمان دەردەهێنن، سەدا چلی بۆ ئەمریکاو سەدا پەنجای بۆ یابانی دەنێرن. پیشەسازی و کشتوکالی گەشەدارە. ئاوو خاک و کەنارو هەشت سەد کەنداوەکەی هەمووی بەخێرو بەرەکەتە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئینجا ئەو مانگانە سەد دۆلار لە بەشە پارەکەی دەنێرێتەوە، ئەو بەهەشتە مەلەوانە، ئەو دوورگە چاو مەرجانانە، ئەوەیان دەکاتە پینج هەزار پیسوی فلیپینی.**

**ئەلکسیس، بسکە رەشە درێژەکەی قەدی بە بەژنە کورتەکەی دابوو، چاوەرەشەو وردە قلە ترێیەکەی زۆری دەگەیاند. زۆرجار ئەوە دەڵێتەوە، من لە برسان هاتوم، مەبەستی سەرەکی ژیان و هیوام ناردنەوەی پارەیە بۆ دایکو باوکە داماوەکەم. مێردەکەم رازی بکەم پارەو پول و سامانەکەی رەوانەی ئەوێندەرێ بکات. هەرچی هەیەتی بەشی کیژو کورەکەی تێدایە، یاسایەکەی ئێرە سەیرە، مناڵەکانی دەتوانن، کرۆن کرۆن لە باوکیان بپێچنەوە، لە تەندروستی و رۆژانەی ناپێچنەوە، بەس لە پارەکەی ...!! هیچی گوم نابێ.!! هەموو تۆمارە، ناتوانێت لە پیستی خۆی بجولێتەوە. حەیفە پارەو سامانی بۆ دوو مناڵەکەی تریشی بێت، هێشتا لەو برایەی خۆیان نەپێچاوەتەوەو هەر ناشیناسن. بەڵام لە داهات و مانگانەو خەرجی باوکیان دەپێچنەوە..!! دەتوانن دوارۆژ کرۆن کرۆن .. لە پارەو مانگانەکەی بدۆزنەوە.**

**باشە تۆ ئەو هەموو شتە یاسایانەت چۆن پرسیوە..؟؟**

**هەمووی بۆ دوارۆژی کوڕەکەم و خۆشم..! پیاوەکەم باشە منی خۆش دەوێت، دووجارە دەمباتەوە، کرێی تەیارە زۆرە، تا فلیپین دووجار فرۆکە دەگۆرین**

**کە دەچینەوە لە گەڵ دایک و باوکت دەژین..؟؟**

**لێوە گەورەکەی پانترکردو چاوی سوراندو بەستەزمانە هاتە وڵام، ئەوان شوێنی ئێمەیان نی یە. زوو خانوویێکمان کرییوە، لەوێی دادەبەزین.!!**

**کە پرسی ئاڵاکەی وڵاتەکەم لێکرد. لە وەڵامدا وتی:**

**لە چەرخی پازدەوە ئیسپانیاکان هاتوونەتە وڵاتەکەمان، لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتا ئاینی مەسیحیەتیان هێناوەتە وڵاتەکەمان. شیرەکەی ناو ئاڵاکەش هیمای ئەوانەو بازەکەش هیمای داگیرکردنی ئەمریکیەکانە. ئەوان تا سەربەخۆیی وڵات مانەوە، تا چلەکانی سەدەی رابردوو مانەوە. بۆیەش زمانی رەسمی حکومەت و بازرگانی و گەشتوگوزار و خوێندنمان ئینگلیزییە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کەواتە ئینگلیزییەکەت زۆر باشە..؟؟**

**نەخیر، کەمم لە مەکتەب خوێندوە، لەوێی ئینگلیزییەکە ئەمریکییە، لێرەش بریتانیە، لەمێژە کێشەی زمان و ئاخاوتنم هەیە. دایکو باوکم لەبەرئەوەی بە دوو زمانی زۆر جیاواز قسەیان دەکرد، بۆیە زەحمەت لەیەکتری دەگەیشتن، ئەو نەخۆشیە بۆ منیش مایەوە، وا لێرە دووچاری هەمان کێشە بوومەتەوە. لە پیاوەکەم ناگەم..!! لە کورەکەم ناگەم، ئەویش فێری " تگالۆ" نابێت، دایکم لە زمانەکەی باوکم نەدەگەیشت، وا لێرە منیش کەم لە زمانەکەی مێردم دەگەم، کورەکەم لە من ناگات.**

**تگالۆ چی یە..؟؟**

**ئەو وڵاتەی ئێمە کەشکۆلە، هەفتا زمانی هەرێمی هەیە، لە هەموویان باوتر رەسمی تر زمانی فلیپین، زمانی ئێمەیە پێدەڵێن، تگالۆ.**

**لە کام زمانتان نزیکە..؟**

**لە زمانی ئەسپانی.. تێکەڵە، ئەسپانیەک قسە بکات من حالی دەبم، کە "نورا" بە ئەسپانی قسەی دەکرد، من حالی دەبووم. ئەوانیش دوو زمان دەزانن، دوو زمانی رەسمیان هەیە، مکسیکیەکان ئەسپانی و ئینگلیزی قسە دەکەن.**

**سەیرە وڵاتێک سەرژمێری حەفتا هەشتا ملیون بێت، حەفتا زمانی هەرێمیان هەیە، عەرەب بە هۆی ئیسلام و قورئانی پیرۆز، یەک زمانی رەسمیان هەیە. ئەوان چونکە زوو ئاینێکی کۆنیان نەبووە، زوو ئیسلام هاتووەو دواییش مەسیحیەت، لێیان ئاڵۆزبوە، دواییش کۆلونیەتی چاوی لە خێراتیان بووە، لە لایەن دوو وڵات و دەولەتی گەورەی ئەو سەردەمە زمانیان شێواوەو یەکگرتوو نەبوون.**

**وڵاتی بیابان و بێ ئاوو بێ باران برسیانە. ئەدی وڵاتێکی وەک ئەم وڵاتە هەمووی ئاوە، دوورگەیە، نیوەی خاکی سەوزە، سەرچاوەی هەژاری و نەداری زۆرە، لەیەک هۆکار زۆرترە. هەر وڵاتێک بەجۆرێ ژێرخانی داتەپیووە، رووخاوە،**

**وڵاتێک نەوتی زۆرەو نەوتەکەی توشی برسیەتی و شەڕو ئاژاوەی دەکات. وڵات هەیە نەوتی نی یە، ئەوە وا دەکات بەشێکی زۆری داهاتی بۆ**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەم سەرچاوە بێت. وڵات و میللەت هەیە زۆرداری، رژێمێک، هاوسنووریەک، قاتی، شەڕی ناوخۆ، نەخۆشی ئایدز.. هۆکار زۆرە، وڵات و مەسەلەو مێژووی ناوچەکە دووچاری کێشەو ناڵەباری بکات.**

**چەند ساڵە بەشێکی زۆری بەرینی دونیا بە شێتی و خۆبەزلزانی نازییەکان و هتلر، دووچاری کوشتن و سوتان و رووخان و شەرمەزاری کرد. هەمان مەترسی بەڵام بە قالبێکی ترەوە هەرەشەی بەشێکی تری ئەم جیهانە داماو دەکات، ئەگەر جارەکەی تر هەموو دونیای تێوەلکابوو، وا ئیمرۆ بەشێکی زۆری تەنیا لە دوورەوە تەماشای ئاگرەکە دەکەن و جارجاریش خۆشی دەکەن. بە دووکەڵی سوتانی زۆرتر دڵشادو سوودمەند دەبن. هەر سیاسەت و شەڕی نوێ و داگیرکردنە، وا لە وڵاتان دەکات دووچاری رەوشی وا بن، ئەگەرنا وڵاتی جوان و سەوز و دەوڵەمەندی وەک فلیپین، بۆچی دووچاری ئەو رەوشە دەبێت، کە بەشێکی زۆری میللەتەکەیان لە ناو شارە تەنەکەو زبڵدانەی شارە گەورەکانا دەژین، ساڵانەش ملیونەها لاییدەو پارەدار رووی تێدەکەن، تام لە هەرزانی و گەرمی و جوانی، ئاوو کەنارو ژن و مناڵیان وەردەگرن و بە مەستی دەگەڕێنەوە.**

**ئەو زۆر بە شادی و یەک بە قورگ و سینەی پێدەکەنی، بەس کە باسی بنەماڵەو وڵاتەکەی دەکرد، دەنوزایەوە. بەس ئەو دەمانە پێنەدەکەنی.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

5

# ئانیا

**بەخێرایی بەسوار پاسکیلی، بە هەلاوێکی خێراوە لێم رەتبوو. بانگم کرد، یەکسەر پاسکیلەکەی راگرت و لە تەنیشتم دابەزی. لەبەرئەوەی مامۆستاو شارەزایەکی کۆمپیوتەر بوو لە وڵاتی خۆی، بۆیە وای زانی پرسیارم لەسەر کۆمپوتەرەکەم هەیە. رۆژانە هەر سەرقاڵەو بواری هاتن و یارمەتی نیە، ئەگەرنا بۆ برادەران سەری پێوە نەبوو. منیش زوو دڵنیام کرد، ئیشی وام نییە، پرسیاری ترم هەیە. پێم وت ئەگەر بوارت بوو لەم رۆژانەدا کەمێک باسی خۆت و هەردوو کورە زەلامەکەی پۆلونیاو کیژە عازەبەکت و مێردەکەی جارانی ئەویت و مێردی ئێستای ئێرەت و رەوشی وڵاتەکەتان و گوزەرانی خەڵکی ئەوێم، بۆ بکە.**
**دەمەوێت نوسینێک، ریپۆرتاژێک، بە زمانی کوردی بنووسم. هاوشانم دەرۆیشت، دەسکێکی سوکانی پاسکیلەکەی گرتبوو، لە گەڵ هەنگاوە پیاوانیەکانیدا بسکە زیوین و ئەستورو گەورەکەی پشتی بە نازەوە سەمای پیدەکرد.**
**باشە لە هەفتەی داهاتوو، تاقیکردنەوەکانم تەواو دەبێت و بوارم زۆر دەبێت. هەر بە رۆیشتنەوەو بە سواری پاسکیلەوەو بە خۆشی و سەرفرازیەکی خۆش و قولەوە وتی:**
**لە پۆلونیا دەپرسی، زۆرمان نەماوە ببینە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی ..!!**
**( ئانیا ) ژنێکی چوست و چالاک و زیندووبوو. لە وڵاتی خۆی مامۆستای بیرکاری و کۆمپیوتەر بووە. لەسەر بەفرا، لەو تەمەنیدا، وەک مناڵانی ئێرە سەماو یاری سەر بەفرو خلیسکانێی دەکرد، لە مەلەوانیدا بن ئاوی لێدەدا، کابانی هۆبەکەمان بوو، گەشت و خوان، پارە کۆکردنەوەی بۆ هەموو بۆنەیەک، لەسەر شان وئەستۆی ئەو بوو، بۆ هەموو شوێنێک پێشمان**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دەکەوت. بۆ دیاری و چەژنی لەدایکبوون و بۆنەی تر، زەوقی جوان بوو لە هەڵبژاردنی چەپکە گوڵی دیاری.**

**هەموو دەمێ دەنگی دەهات، زۆریش قسەی دەکرد، بیانۆشی ئەوەبوو، ئەوەی بیەوێت زمان فێربێت، دەبێ شەرم نەکات، پرسیاران زۆر بکات، لە هەموو شتێ بێتە وڵام، بەردەوام بەراوردکردنی پۆلونیاو سویدی دەهێنایە ناو باسەکان.**

**تۆ لە ماڵەوە تێر قسە لەگەڵ پیاوەکەت بکە، بوارت زۆرە خۆ ئەو، نە پۆلۆنی دەزانی و نە نیازی فێربونیشی هەیە.**

**بە پێکەنینەوە پیاوەکەم:**

**ئەو کە لە کار دێتەوە، ماندووە، سەرقالە کەم بواری منی هەیە، کە ئیشی پێم بوو، دەمدوێنێت، کە ئیشی پێم تەواوبوو پشتم تێدەکات، زۆرییش خەریکی باخچە گەورەکەی ماڵەوەیە، ئەم باخچانە ئیشیان تەواو نابێت، پیاوەکەم تەمەنیشی گەورەیە، ئیمساڵی ماوەو خانەنشین دەبێت.**

**ئەگەرچی لەم وڵاتەدا دوو پرسیار زۆر عەیب و کەم دەکرێن، یەکیان لە تەمەن پرسینە، لە پیاوو لە ژنان، بەتایبەتی کە تەمەن بەرەو سەرووی سی و چل ساڵی رۆیشت، پرسیاری تایبەتی تر پرسیارکردنە لە کێشی لەش و جەستە بە کەسیک بڵێت چەند کیلۆیت، ئەم دوو وڵامە زۆر بە زەحمەتی وەردەگیرێتەوە. بەڵام ئەو کە وتی، ئەم ساڵی ماوە خانەنشین دەبێت، واتە یەک ساڵی ماوە بۆ تەمەنی 65 ساڵی. لەو تەمەنەدا، نێرو مێی ساخ، خانەنشین دەکرێت، دەبێ تا ئەو تەمەنە کاربکەیت. زۆریشیان حەز بە خانەنشینی ناکەن، تا تەمەنیان ورد نەزانن.**

**کەواتە تەمەنی بەرەو شێست و پێنج ساڵی دەروات..؟؟**

**بەڵی وایە ..!**

**ئەو زۆر ئیشی بە تەمەنی نەبوو، هەر ئەوەندەی دەویست، لەسەر قسەکەی خۆی هاوینی بیباتە کەنیسەو بە رەسمی مارەی بکات. خۆشی هەیتە ژنەو ئازایەو زمانەکە فیر دەبێت، ئیشێ دەدۆزیتەوە، مامۆستایەکی**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**زیرەکە، دەسترەنگینە،.کە کەوتە سەرکار بوارییش بۆ دوو کورو کیژەکەی خۆش دەکات بێنتە ئێرەو بەرێیان بکات.**

**ئەمجارە من بەسوار پاسکیلی لە تەنیشتی رەتبووم و بانگی کردم، بەزەوق بوو، وتی: کیژەکەم بە دەستگیران کراوە، دەبیتە بووک.**

**پار خۆی بوە بووک و مارەکرا، ئەمسالیش کیژەکەی، خۆی لە کیژەکەی ئازاتربوو، جارێکیان وتی:**

**خەمی گەورەم چارەنوسی کیژەکەمە، دەمینێتەوە..!! کوران لە پۆلونیا لەبەر کێشەی زۆری دارایی و ژیان ژن ناهێنن.**

**ـ هاوینێ ناچیتەوە..؟؟**

**چۆن ناگەرێمەوە، دەچمەوە، هەموویان دەهێنم، دایکیشم لە هامبۆرگ دیت.**

**دایکت بۆ لە هامبۆرگە..؟؟**

**دایکم ئەلمانیەو باوکم پۆلونی بوو، لەوێ ژنی هێنابوو. کە باوکم مردووە، گەرابۆوە ولاتی خۆی، لای خوشکەکانی، ژیانی ئەوێندەرێ و پۆلونیا جیاوازی زۆربوو، ئێمەشی دەژیاند. ژیانێکمان هەر لەوێ بوو.**

**ئانیا، هیوای زۆر بوو زمانەکە فێربێت و ببێتە مامۆستای ناوەندی و بیرکاری بلێتەوە، ئیشەکەی مسۆگەربوو، مامۆستا لەم ولاتەدا کەمە، کارێکی گران و قورسە، کەمیان بەرگەی نازی منالەکانیان دەگرن، ئەوەندە نازیان کێشراوە، ئەرکی مامۆستای زێدە گران و سەخت کردووە. سستەمی فێرکردن لەم ولاتەدا بێ نمونەیە، منال راهینان و پەروەردەکردن حەوسەلەی دەوێت، بۆیە لە هەموو شارەوانیەکان گلەیی لە کەمی مامۆستایان زۆرە، ئەوەی مەرجی تێدابێت، کەس بەربەرەکانی ناکات. ئانیا بەوە دلی خۆش بوو، وەک خۆیان دەلێن، ئیشی بەردەوامی هەبێت، ژیان و دوارۆژی خۆی و منالەکانی لەم ولاتەدا دابین دەکات.**

**راستە نوسینی پۆلونی هەر تەمەنی دەگەرێتەوە نزیکەی پێنچ سەد سالێک..؟**

**بەلێ، پێشان بە لاتینی نوسین کراوە. ئێستا پیتی سلاڤی بەکاردەهێنێن.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نەتەوەکە خۆی هەزار ساڵێکە ناسراوە. ناوچەکە شارستانیەتی دێرینی هەیە، بەڵام نەتەوەی پۆلونی ئەوەندە کۆن نییە.**
**دایکت چۆن گەیشتە ئەلمانیا، لە شاری ئاپوورەی هامبۆرگ گیرسایەوە،**
**چۆن ژیاوە..؟؟**
**بۆ زانینی وڵامی ئەم پرسیارە، خوێندنەوەی مێژووو سنووری کۆن و پۆلونیا و دەولەتی گەورەی خاوەن چەندین کەلتوورو میللەت و سوپا.. .. ی دەوێت. ناوچەکە پیش شەری یەکەمی جیهان و پێش و پاش شەری دووەمیش گۆران و دەستکاری و بە قەلەم راکێشانی سنووری زۆری بەرکەوتووە، میللەتی مەزن و خاوەن دەستەڵات، رەشبویتەوە. وڵاتی گەورەی وەک سۆڤیەت، لەسەر پاشماوەی دەستەڵاتی ئەلمانیەکان زۆر گەورەو فراوانبوو، وا دەزانم ئەو گەورەیەبوو، لە دوارۆژا بوە بارگرانی و زۆر ماندووی کرد. وڵاتەکەو میللەتەکان بە بریارێک و بە گۆرینی رژێمێک هەڵوەشایەوە. لەم گۆرینە گەورەیەدا، لە ئەنجامی شەرە دژوارەکانا، هەزارەها دایکو باوک لەیەکتری جیابوونەوە، دیواری بەرلین و هەردوو کوریا، سەروو و خوارووی ڤیتنام، ئێستاش دوو رامان و دوو کەلتوورو دوو ئاستی ئابووریین، ئەوەندە ساڵەی حکومی سۆسیالیزمی حکومەتی ڤیتنام نەیتوانی ئەم هێلە رەش بکاتەوە. ئێستاش باکوورو باشوور هەیە.**
**ئاژاوەی شەرو دانانەوەی سنوورەکان دایکو باوکی ( ئانیا ) ی لەیەکتری جیاکردیتەوە، وا ئیمرۆش ئاژاوەی ئابووری ناو پۆلونیا، ئەوی لە مێردەکەی جیاکردەوەو هاتووتە سوید، هەر سێ مناڵەکەی لەو وڵاتە جەنجاڵە جێهیشتووە. کێ دەزانێ دەگەرێتەوە، یان مناڵەکانی بۆی لای ئەو دەپەرنەوە. کێ دەزانی گۆرانکارییە ئابووری و سیاسیەکانی جیهان چەند ملێون کەسی تر لەیەکتری جیادەکاتەوە. سنوور هەر بڤەیەو جێگای مەترسیە، یان لە راستیدا هەڵکەوت و شەرو ئازایی و بریارێک سنوورێک فراوان دەکات، یان رەشی دەکاتەوە. ئەوە دیارە چۆن وڵاتانی ماندوو و داهات و سەرمایە لاوازەکان، چۆن کۆشش دەکەن سنووریان لە رووی وڵاتە لاتەکان دابخەن و بەرووی وڵاتانی تری بکەنەوەو پەرۆشن ببنە ئەندامی یەکێتیەکان.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

6

# ناتاشا

**ئەوەندەی چاوەروان بوو، ئەوەندەی هیوای پێبوو. نیو ئەوەندە خۆشی نەبینی، خۆشیەکە، ئارامیەکەی زۆری نەخایاند. پیرەمێردەکە دەیزانی، بە رێبازو لاییدە مامەلەی لەگەڵکردووە. ناتاشا، تۆزێ خۆشەویستی و هیوای پێبوو. بەو چاوە تەماشای هاتنەکەی بۆ وڵاتی سویدکرد، خەونی دوور و درێژی بینبوو. وایدەزانی کورە گەنجەکەی ناگەرێتەوە، ئەگەر جارێکیتریش شەڕو کاوڵکاری و هێرش و یاخیبوونێکی تر لەم وڵاتە پان و بەرین و ئاڵۆزەدا، وەک هی شیشان و داغستان رووبداتەوە، کۆرەکەی لەو ئاگرە دوور دەبێت.**

**ملیۆنێک و زۆرتریش دەچنە ئەسپانیاو سەد هەزار روو لە تایلاندو میسرو تورکیاو یونان دەکەن، بۆ خۆ گەرمکردنەوەو خواردنەوە، هەتا شەڕابی خەستی بێ گومرگ و هەرزان مەستیان دەکات. دەچنە سەر کەنارە گەرمەکان و پیستی ناسک و پەمۆیان لەژێر تیشکی گەرمی خۆری وڵاتی گەرمی ئاسیا دەنوێنن، لە خۆشی گەرماو کەناری ئاپوورەی خەڵک و گومبوون، مۆلەتی کورت و ناسکیان رادەبوێرن.**

**ئەو بۆچی سەری بەرەو وڵاتی ساردو شەختە هەڵگرت، بۆ پارەو ماوەی پشوودانەکەی بەرەو ئەم هەوارە برد...؟؟**

**دەیویست و شارەزا بوو، لە ژنێک دەگەرا، باوەشی ساردو تەنیای گەرم بکاتەوە. یان ئەو دەیویست بەگەڵ یەکێک بکەوێت و خەونی بەتامی ئەو تەمەنەی بسازێنێت.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئەویش دەیویست دوورکەویتەوە، هەر وڵات و زێد جێدەهێلێت، ئەگەرنا چی شیرینی نی یە خەمی لێبخوات.**
**بە رێکەوت ناتاشا ئەو پیاوە سویدیەی لە ناو ئاپوورەی مۆسکۆ بینی، ناسین و گفت و ژوان و بریارەکەی بە خێرایی و سەرپێی دا. پیاوەکەش زوو گەرایەوەو تامی خۆشی لێوەرگرتبوو، لەسەر بەڵێنی خۆی مابوو، هەر لە هەفتەی یەکەمی سەردانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی بە هاتن و داوەتکردنی بێگانانی تەواوکرد. ئەویش لەسەر ئاوو ئاگر بوو، رۆژانە بەردەرگای باڵوێزخانەی سویدی لە مۆسکۆ گرتبوو. کە ڤیزاکەی بۆ دەرچوو فیشەگ ئاسا تیژو خێرا بۆی دەرچوو، پیلی کورە گچکەکەی گرت و گەورەکەشی جانتا قورسەکەی هەڵگرت، بە ترێن رۆیشتن و سواری پاپۆر بوون، تا لە شارێکی جوانی خاوێنی سوید، بووکەکە بە دوو مناڵەوە گەیشت.**
**پەرینەوە. هاتنە ئەو شارۆچکەیەی هەر دەڵێت بۆ جوانی و رەنگ و گوڵ و سەیران دروستکراوە. هەفتەی یەکەم و دووەم سەرسامی جوانی و هێمنی بون، شادییان بە باخچەو ماڵە هاوینەکەی کابرا دەهات. سواری ئوتومۆبێلەکەی دەبوون، تامیان لە زەلاتەو گۆشت برژانەکەی وەردەگرت، بە سۆزەوە کۆششی فێربونی زمانەکەی کابرا بوون. بەڵام..!! خۆشیەکە، مەستیەکە، خەونەکە، قوربانیەکە، تاسەر نەبوو، رۆژ بە رۆژ بەردی لە بناغەی تەلاری ئەڤینەکە دەرووخا، کونێک لە ساپیتەکە دەبوو. گوڵەکان هەڵوەرین. خونچەکان وشکبوون و پرژان. کابرا تێربوو، تاقەتی تام و مژینی هەنگوینی جەستەی نەما.!! لێیان کەوتە بیانۆ. نان و ئاوە زۆرەکەی خستە بەرچاوان، لە شارو دەڤەری هێمنا، قسەو گازاندەو دەنگ دروستبوو.**
**پیرەمێرد رانەوەستا ماوەی ڤیزایەکیان تەواو بێ هەرەشەی دەرکردنی لێکردن. نان و خواردنی**
**لێان کەمکردەوە، تەماشای کەنالەکانی تەلەڤزیۆنی لەسەر قەدەغەکردن.**
*** موچەکەم باجەکەی زۆرەو دەرناهێنیت.**
*** پارەی کارەباو ئاوی گەرم زۆرەو دەبێ دەستی پێوە بگرن**
*** بەنزینی بێ قورقوشم نرخی هەر زیاد دەبێ و سیارە هاژوتن، سەرەرای ئەوەی ژینگەمان پیس دەکات، پارەی رۆژانەشی زۆرە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

*** بیست ساڵە مانگانەی قەرزی پارەی خانوو و بەلەم و سیارەو باخچەی هاوینی و قەرزی سەردەمی هەرزەکاری و رۆژانی بێ ئیشیم و.. و.. دەدەم..!! چیتر دەرناهێنیت.**

**بیانۆکانی زۆربون. بەئاشکرا دەیویست پێش ماوەکەیان رەوانیان بکاتەوەو ....! ئەوانیش چاویان لە وڵاتەکەو ژیانەکەبوو، نەک، لە باخەڵ و ماڵی ئەو. چاویان لە ماڵ و سێبەرو گەرمی ماڵەکەی بوو، نەک گەرمی باوەشی ساردی.**

**کە بوار نەما. کە دوا رۆژی بۆ دانان، ژنەی ناسک، کەوتەخۆ، چاوی گێراو نامەی ناردو ئەو برادەرانەی ئاشنای ببون داوای کۆمەکی کرد. لە شارەوانی پارایەوە. لەبەرئەوەی لەسەر شەرەفی حکومەت و سەفارەت هاتبوو، چاویان لێبوو، ئەوانیش بواریان بۆ دانا تا خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەو بوارەکەی بۆ دۆزینەوەی هەوارو باخەڵێکی تربوو، تا نەگەرێتەوە.**

**چەند بەرەو باکووری ئەم وڵاتە هەڵدەکشێت، بەفرو شەختەو خەون و ئامێز ساردترە. بەڵام ئەو هەڵکشا، دوور کەوتەوەو بەختی زەردو لانەوازی بەرەو باکوور برد. رۆیشت، خەندە شیرینەکەی، زیرەکییەکەی، دەسترەنگینی لەگەڵ خۆی برد.**

**ئەو جوان و تەربوو، ئینجا گورگەکە هەر چەندجار کەلپەی کۆڵی لە جەستەی نەرمی دابوو ، زامداری کردبوو. ئەو دەسترەنگین و کارامە بوو، ئینجا کابرا دەستی لە دەستی کردەوە. ئەو جیهانە هێشتا دوو جەمسەرو زۆرتریشە..!! ئاژەلێکی کیوی لە مرۆڤ بەنازتر تەماشا دەکرێت. گوڵدانێکی ساردوسری پلاستیک بە نازتر لە مرۆڤێک نیگا دەکریت، هەموو شتێ نازی هەیە، تەنیا مرۆڤی بێ سەرمایە نەبێ، هەموو کالایەک پوخت و جوان هەڵدەگیرێت، هەر مرۆڤی بێکەس و هاووڵاتی حکومەتی نەدارو بودجە بەتاڵ نەبێ. مافی مرۆڤی نەدارو لات و بێدەستەڵات، لە هەموو شوینێک پارێزراو نییە. راستە پارەو دەستەڵات، مافی مرۆڤ دەپارێزێت. پارە، بۆ هەر خیزانێک ساڵانە بودجەو خوێندن و چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بەشە کاغەز بۆ خوێندنەوەو جوانی بۆ رۆژانەی پێویستیان دیاردەکات، هەر پارەیە بەشی کارەبا و.. مافی مرۆڤ و دیموکراسی و گۆری جوان و دوا مۆدیلی ئوتومبێل و**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**باخچەی هەمەرەنگ و ژینگەی بێ دووکەڵ و سەردان و گەران بە دوای ژنی ئامێز گەرم بۆ پیاوی باوەش ساردیش دابین دەکات.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

7

# FALUN DAFA ( FALUN GONG)

**ڕۆژانە ئەوم دەبینی عارەبانەیەکی دەستی، بە تایەی بچوک لەدوای خۆی ڕادەکێشێت، بۆ هەر شوێنێک بچووبایە، ئەو عارەبانە جانتایەی پێبوو. ئاڵایەکی زەردی لەسەر عارەبانەکەی قیتکردبۆوە. عارەبانەکەی لەدوای خۆی ڕادەکێشاو ئاڵاکەی بە شکۆوە دەشەکێتەوە. لەبەرئەوەی ئاکارو چاوو روومەت و قژی حەریەری نەتەوەکانی تایلاندی و فلیپینی و سنگافوری و یابانی و چینی لەیەک دەچن ..! بۆیە زەحمەتە بۆ ئێمەی ناشارەزا لەم نەژادانە بزانین ئەوانە خەڵکی کام وڵاتن، لەکام وڵاتەوە هاتوون. ئاسان نییە، جارانیش هەر دەمانووت ئەوانە هەموو بەیەک دەچن، وامان هزردەکرد ئەو ملیونەها چینی و یابانی و .. بەیەک دەچن.**
**ئەو ڕۆژانە دەمبینی سەرقالی خوێندنەوەو نوسینە، ڕۆژانە بە وردی ڕووی لە لاپەرەی ئەنتەرنێت گیردەکرد، ئاوڕ ناداتەوە، حەرفە سەیرەکانی تیپی یابانی، چینی دەخوێنێتەوە.**

**لە گۆرەپانی شارۆچکەکەمان بینیم خۆی سڕکردووە.!! دەستێکی بە ئەستونی لەبەردەمی ڕاگرتووە، دەستەکەی تری لە خوارتر سڕکردووە، چاوەکانی خەوالوو، مەند، بێدەنگ، بەرد ئاسا، ڕەق بوویتەوە. دانیشتووەو قاچێکی خستۆتە سەر قاچ.! مەییووە، خەوی لێکەوتووە، سامی گرتووە، ڕەق بوویتەوە، هەناسەی ڕاگرتووە، خەون دەبینێ، دەپارێتەوە، نوێژدەکات، دوعا دەکات.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوم وا بینی، ئەوەی بەتەنیشتی گوزەری دەکرد بە نیگایەک بۆ ئەو جەستە نەرمە رەقە ساتمەیەکی دەکرد. ئەوەم لە هەواڵ و دیداری ناو تەلەڤزیون بینیبوو، دەمزانی شتێ هەیە، دەمزانی ئەو نوستنە، ئەو راوەستانە، شتێکی پیرۆز دەگەینێ، ئەوەم دەزانی پەیامەو ...... بەڵام لە نزیکەوە نهێنیەکانم نەدەزانی، کێن وا دەکەن، بۆ وا دەکەن..؟؟ بۆ .. ؟؟ وادەکەن .؟؟؟!! ئەوە چی دەگەێنێ ..!!؟؟

ئەویش وەک هەزارەها ژنی تری ئەو وڵاتانەی خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا، لە پرۆپاگاندەکانی ناو رۆژنامەو سالۆنی ئوتێلەکانی ئەم وڵاتانە کراون..! مارەکراوون، بە پارەو بۆ پارەو منالبوون هاتوون، ئەویش لەوانەیە...؟

ــ خەڵکی کام وڵاتی..؟؟

ـ وڵاتی چی ...

ــ بە پەساپۆرت و لە چینەوە هاتووی ..؟؟

ـ نەخێر.

کە لەسەر ئاڵاکەی نوسراوە FALUN DAFA (FALUN GONG).

بۆ ئەو زۆر دەگەێنێ، ئەو وا دەزانی ئەو وەرزشە، ئەو خەوتن و سامبوونەی جەستەو هۆش و خاوبونەوە زۆرە، وەک چۆن لە نامیلکەو بەیانە زۆرەکانی ناو جانتاکەی بەدی دەکرا، چەندین بەیان و بڵاوکراوەو پۆستەری نیشاندام، هەبوو بە ئینگلیزین بە سویدی، بە چینی، نامیلکەکان وێنەی راهێنانەکانی تێدابوو. وەرزش و نوێژو ( فالون ) ەکەی ئەو زۆر بە پیرۆزو راستگۆیانە تەماشای دەکات. ئەو دەیووت:

فالونەکەمان وەرزش و راهێنانێکی کۆنی چینیە، بە جولەو نەرمی گەیاندو ئاسانی گەیاندن خۆی دەنوێنێ، چالاکییەکان شل و نەرمە، ئاسانە کەسی نەشارەزاش دەتوانێ فێری بێت.

ئەو دەیووت، ئەوەی بیەوێت فێردەبێت، راهێنانەکە بەخۆراییە، هیچ لەسەر ئەو کەسانە ناکەوێت، ئەوانەی ئارەزووی فێربوون و راهێنانیان هەیە. بەرنامەکەمان ( فالون ) لەبەر رۆشنایی سێ چەمک و بروا کاردەکات، ئەوانیش ( راستی، دڵنەوایی، لێبوردن ) ە. کە بە زمانی چینی ناسراو و باوە ئەویش ( زین، شین، ران ) ە.



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی زۆر منی سەرسام کردبوو ئەو چۆن لە ولاتی چین دەرچووە، چۆن گەیشتووەتە ئەم ولاتە، بەلام ئەو دلنیای کردم کەوا بە پاسی چینی دووجار لە چینەوە دەرچووە، بۆکار دەرچووە، گەیشتوتە سنگافوورەو لەوێ مانگانە 15 رۆژ کاری کردووە، سیستەمی کاری وان وایە، من مافی ئەوەم
هەبوو، کاربکەم پارەیەکی چاکم دەستکەوت، بۆ ماڵەوەم دەناردەوە، بۆ ئێمە ئەو پارەیە زۆربوو.
ـ چەند لە سنگافوورە مایتەوە..؟
ـ دووجار چووم هەردووجار چوار ساڵ مامەوە. لەگەڵ هیندییەکان کارم دەکرد.
دیارە ولاتانی خوارووی خۆرهەلاتی ئەسیا هاونیشتمانی بە نەژاد هیندی زۆرە، زۆر چینی و هیندی تێدا دەژین، تا ئیمرۆش بەشی زۆری دانیشتوانیان بە نەژاد یان هیندین، یان چینین. هیندیەکان لەگەڵ کۆلونیە ئینگلیزەکان بۆ ئەو ولاتانە زۆر هاتوون و گیرساونەتەوە.
ـ نەچویتە ولاتی تر..؟؟
ـ لەم ماوەی لە سنگافوورە بوم، بەسەردان و بۆ کار چومە تایلاند و یابان.!
بەلاَم بە سنگافوورە زۆر مرتاح بوم، ئەو ولاتە خۆشە، کاری زۆرە، ئاووهەوای خۆشە، گەرمە، بە نیوقۆل دەسوریتەوە، وەک ئێرەو چین نییە، هەر ساردو بەفر..!
ـ لەوێش هەر خەریکی کارو راهێنانی فالون بویت..؟؟
ـ بەڵێ.! ئەوە وەرزشی رووح و گیانە، پشودانی جەستەو مێشکە، من و ئێوەو هەمووتان دەبێ ئەم وەرزشە بکەین، هەموو کەس بۆ ئیسراحەت فالون بکات..!! بە خۆراییە، ئاسانە، ماندووبونی ناوێت، هیچی ناوێت.
بۆ زۆرتر ناسینی فالون وتی:
ئەم فالونە لە نزیکەی( 40 ) ولات نمایش دەکرێت، بۆ هەموو تەمەنێک دەشێ! لەناو هەموو کەلتوورێک! لەناو هەموو شارستانیەک، هەموو راهێنانەکان، بۆ پشودان و وزەو ژینی جەستەیە. لە ساڵی 1992 لە ولاتی چین نمایشکراوە، بلاوبویتەوە، لەزارێک بۆ شارێک! وەک رەوشتێکی کۆن و دێرین، هەموو کەس رێزی تایبەتی مامۆستای ئەم نمایشە دەگرێت. بە هۆی



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**مامۆستای تایبەتی لە جیهانا ناسرا، ئیمرۆ وا لە ئوستراليا، سويسرا، ئەلمانيا، کەنداو ئەمریکاش نمایش دەکرێت.**

**ـ حکومەتی چینی قەدەغەی کردووە..؟؟**

**ـ بەڵێ..!! بەتوندی دژی رادەوەستێ، قەدەغەی دەکات، ئەوەی چالاکیەکەی ئەنجام بدات دووچاری گرتن و راونان دەبێت. ئەگەرچی فالون هیچ بەرنامەو پەیوەندی سیاسی نییە، ئەو چالاکیە بە کاری سیاسی نەبەستراوەتەوە. ئەوان وا هەست دەکەن ئەم پرۆسەیە تانە لە بەرنامەی شیوعیەتیان دەدات، وا دەزانن مەترسی بۆ دوارۆژی سیاسیان هەیە.**

**حکومەت لە یولیوی ساڵی 1999 دا نمایشی 70ملیون کەسی چینی قەدەغەکرد، کە بریاربوو ئەو خەڵکە بەیەکەوە نمایشی بکەن. ئەوانەی نمایشیانکرد دووچاری راورووت و گرتن و لەکاردەرکردن هاتن. ئەوەی گیران رەوانەی ئۆردوگاکانی زۆرەملی کارکردن هاتن، خوێندنیان لێ قەدەغەکرا، لەم کارکردنەدا لەبەر نەبونی مەرجەکانی پێویشت و زەحمەتی رۆژانەیان 163 کەس لەوانە گیانیان لەدەستداوە، بونە قوربانی ئەم راگواستنەوەیە. بۆ رزگارکردنی ئەوانەی دووچاری ئەشکەنجەو راگواستن هاتن جۆرەها رێکخراوی چڤاتی و میللی و سیاسی و لەوانە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆیان لەدەنگن، بۆیان کاردەکەن و پشتیوانیان لێ دەکەن.**

**ئەو هاتووەو کاردەکات جیهان فێری فالون بکات، هەموو بەیەکەوە فالون بۆ ئاشتی سەرجەم مرۆڤایەتی بکەن. پاش رووداوەکانی 11/ ی سپتمبەر لە ئەمریکا لە گۆرەپانەکەی شارا بینیم خۆی رەقکردبوو، فالون دەکات هەردوو دەستی کردیتە هیمای داوای ئاشتی. ئەو بە تەنیا نەبوو، ئەوانە لە هەموو جیهان خەڵکیان هەیە...!**

**ئەوەی لێ تێگەیشتم ئەو لە خەباتی زۆرکردنی راهێنانی فالون و بۆ ئاشتی و بەدیمکراتیکردنی وڵاتی چین، مافی پەنابەری لە وڵاتی سوید وەرگرتووە، لێرەش بەردەوام ئەو خەباتە دەکات، وا دەزانێ ئەم خەباتە ئاشتیانەو ئەو راهێنانە بە جەستەو هزرە مرۆڤایەتی بەرەو ئاشتی و ئارامی دەبات.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

8

# جەواهێر

**کوشتن و کۆمەڵکوژیەکان و کۆرەوو گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کۆسۆفۆی بە جیهان ناساند، جەواهیر کە چەندساڵێکە هاتوتە سوید، وتی:**
**کە هاتم کەم کەس ناوی وڵاتی کۆسۆفۆیان بیستبوو. هەر بە یوگۆسلافیا دەناسرا. کە خوێن رژا، کە سەدان مزگەوتی موسلمانەکان خاپوورکرا، کە حکومە زاتیەکەی سەردەمی نیمچە دیموکراسیەکەی ( تیتو ) هەڵوەشایەوە، کە کۆرەویان بە تەواوی میللەتێک کرد، کە لە زستانی شەختەو ساردا روویان لە شاخ و سنووری چەند وڵاتێک کرد. میللەتی ئەلبانی ناو کۆسۆفۆ ناسرا. خاکی ئەلبانیەکانی ناو یوگۆسلافیا، بە رەسمی و لەسەر نەخشەو لە سالۆنەکانی سیاسی جیهان و لە میدیاکان .. بووە کۆسۆفۆ.!**
**پاش ئەوەی هێزەکانی ناتۆو هەرەشەکانی ئەمریکا سوپاو حکومەتی سربیەکانی یوگۆسلافیا لە کۆسۆفۆ دەرپەراند. بوار کرایەوە، سنوور کەوتە سەرپشت و جەواهێر، پاش ئەو ماوە درێژە سەردانی وڵاتی کردەوە، دەستی نەرمی باوکە پیرەکەی ماچکردەوە. سەردانی خزم و هەواری جارانی کردەوە، ئەویش لە گەڵ هەزارەها خێزانە ئاوارەکانی سەرسنوورەکان چۆوە وڵات، ئەوەیان جاری یەکەمی بوو.**
**جاری دووەمیش لە گەڵ دوو پرۆفیسۆری نەخۆشیەکانی دەروونی زانکۆی ( کارۆلینسکا ) ی ستوکهۆلم سەردانی کۆسۆفۆی کردەوە. ئەوان کاری زانستیان هەبوو. کە سوید چەند هەزار کەسێکی ئەلبانی لە کۆرەوەکەیان**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**وەرگرت، هاتنە سویدو ئارامی و نازیان پێدان، لە گەڵ مێوانداری و نازەکە، ئەم دوو پرۆفیسۆرە سی کەسی تەمەن جیاواز، ژن و پیاو و منالیان هەڵبژارد، خوێنیان وەرگرتن، پرسیاریان لێکردن، دووجار کە لە سویدبون، هاتنە سەردانیان و ئەزمونی زۆر تایبەتی نەفسیەیان لەسەر ئەنجامدان.**

**ئەوان لەناو گەرمەی شەڕا، لە ناو خیوەتی ساردی بەباران و برسیەتی هەڵگیرابوونەوە، بە فرۆکە گەیاندرابونە کەمپێکی ئاوارەکان و هەموو پێویستیەکانیان بۆ دابینکرابوو. لەو رەوشەدا ئەو تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام دان. دوو ساڵ مانەوە، کە مۆلەتەکەیان تەواو بوو، کە بواری مانەوەیان کۆتایی هات، وڵات ئارام بۆوەو شەڕ نەما. ئەو سی کەسەش گەراندرانەوە وڵات،**
**بەلاَم ئیستیمارەی پرسیارو ولاَمەکانیان و دوو نمونەی خوێنیان لەم زانکۆیە، لە بەردەم تاقیگەی ئەو دوو پروفیسۆرە مایەوە، ئیشیان لەسەرکرد، ویستیان بزانن مرۆی ڕاونراوو سەرمابردووو ترساوو برسی رەوشی چۆنە، چی لە تاقیکردنەوەکانی خوێنیان دەردەکەوێت. کە گەرانەوە، پاش گەرانەوەیان هەمان پرسیارو ئەزمونیان دەویست، پاش ساڵێک لە ولآتا چی روو دەدات..!!**
**رەوشیان چۆن دەبێت، شەوان چۆن دەخەون، چۆن باسی ترس و راپەرینی شەوان دەکەن، پرسیاری نەفسیان زۆر بوو، هەموویان نووسی. ئەمجارە ئەمەیان لە وڵات لەسەر کردن، جواهێر بۆی تەرجمە کردن.**
**ئەم جارە نمونەی خوێنیان وەرنەگرتن، بۆ ئەم مەبەستە نمونەیەکی فلتەری تایبەتی وەک قونکە جگەرەیان بۆ سازکردبون، رۆژی سێ جار لە ژێر زمانیان دانان و سەیری ئەنجامەکەیان کردن، دووبارە پرسیارو وەلاَمیان لێکردنەوە، دووبارە نەفسیەتی کەسی گەراوەی پاش راونراویان خوێندەوە، هەموویان نووسی، ئەوە چەند مانگە ئیشی لەسەر دەکەن.**
**لەم دوو سەردانەی بۆ وڵات، تاقیبی شەو رۆژی رەوشەکەی کردبوو، ئەو زۆر ئاگاداری وڵات بوو، زۆری دەزانی، کە وەلاَمی پرسیارەکانی دەدامەوە، سوور هەڵگەرابوو، بە جۆشەوە قسەی دەکرد. هەر وتم حەز دەکەم باسی وڵات و رەوشتان بزانم، یەکسەر وتی، کەی دەڵێت ئامادەم.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**کە پرسیم دەکرد، هەمان رەوشی یەکچووی نێوان کوردستان و کۆسۆفۆم لە پێش چاوان بوو. زۆر بەرنامەو دەوروبەرو دوێنی و ئایندەی لە ئێمەیان نزیکە، بۆیە پرسیارەکەو بابەتەکان تەریبون، یان وەک بەراوردی بکەم وابوو. بەم چاوە ئیشم کرد، بەم نیگایە ناوەرۆکی باسەکە خۆی دەنواند.**

**سەرەتا پرسیم:**

**ئەگەر نەخۆشیکتان هەبێ و پێویستی بە نەشتەرگەریەک هەبێت لە بلگراد بکرێت، دەچن..؟؟**

**نەخێر..! نەخۆشخانەکانی خۆمان هەموو بوارێکی تێدایە..!**

**بۆ خوێندن دەچن...؟؟**

**نەخێر ئەوانەی لەوێبون هەر گیراون و سۆراخیان نییە..!؟**

**موچەی فەرمانبەراتنان چۆنە..؟؟**

**مامۆستاو کرێکاری حکومەت و پۆلیس و .. مانگانە، نزیکەی سێ سەد مارکی ئەلمانی وەردەگرن، پارە لەوێ مارکی ئەلمانیە.**

**ئەدی خانشینەکان...؟؟**

**هەتا ئیمرۆش یەک مارکیان وەرنەگرتوە، وا خەریکن ئیشی بۆ دەکەن، گوناحن..!**

**ئەو مارکانە، ئەو پارە زۆرە لە کێ دێت..؟؟**

**حکومەتەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان " کەی فۆر " دەیدات، لە بودجەی ئەوانە. سەرچاوەی تریش هەیە، ئەو داهاتەی رۆژانەی حکومەت، کە زۆر بە جوانی و رەسمی کۆدەکرێتەوە. خەڵکیش لە دەرەوە خزم و کەسیان زۆرە، ئەلبانی کۆسۆفۆ لە سویسراو ئەلمانیاو سویدو ئەمریکا زۆرن، زۆر هاتونەتە دەرەوە، لەسەردەمی شیوعیەتدا ئەوەی گەیشتبایە وڵاتانی خۆرئاوا دەحەوایەوە، زامنی ژیان و کارو کاسبی دەکرا، بۆیە زۆرن لە دەرەوە، ئەوانیش چاویان دەبینێت، دەستیان بڵاوە، حەز بە یارمەتی و کۆمەک دەکەن. تا ئیمرۆش بانکی باوەرپێکراوی تێدا نییە، نوسینگەی ئەهلی هەیە، بۆ پارە ناردنەوە 5% وەردەگرن، یەکسەرو ئەو دەمە پارەکە لەوێ وەردەگرن.**

**ئەدی پۆست..؟؟؟**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ئیمرۆ لە ( بیرشتینا ) ی پایتەختەوە کارتێکمان بۆ هاتوە، بە سێ رۆژ گەیشتوە.**
**پولی کام وڵاتی پێوە، هی یوگۆسلافیا..؟؟**
**نەخێر، ناڵێم، هیچمان لە گەڵیان نەماوە، نە ئاو، نە کارەبا، نە خوێندن، نە کتێب، نە ژن بە ژنی و نە مارەکردن .....!!**
**بە خێرایی چوە دەرەوە، کارتەکەی هێنا، ئەویش نەیدەزانی چە جۆرە پولێکی پێوەیە، خێرا کارتەکەی بە چاوی وەناو خوێندیەوە، ئەویش ناوو مۆری و ناسنانەکەی " کەی فۆری" نەتەوە یەکگرتوەکانی لەسەربوو.**
**کە لە سنوور ئاودیو دەبن و دەچنەوە، پارەتان لێوەردەگرن و گومرگتان دەکەن...؟؟**
**نەخێر یەک مارکمان لێوەرناگرن. ئەگەر شتی کارەبایی و گرانبەهامان پێبێت، گومرگ دەکرێت، بەلاَم نەفەر گومرگ ناکرێت.**
**ئەگەرچی وڵاتیان لەژێر چەپۆکی سربیەکانا بوو، بەلاَم نوسین و زمانی ئەلبانی خۆیان چاک دەزانی، لەسەردەمی حکومە زاتیەکەیان نوسین و خوێندن و رۆژنامەیان هەبوو، نوسەریان نەبوە بە سربی بنوسرێت، حکومەت زمانی سربی بە تیپی سلاڤی لەسەر کردبونە ماڵ، بەلاَم زۆر پێرانەگەیشتن.**
**بۆیە لەو کەشە ئازادیەی، بە خەباتی خۆیان و رەوشی سیاسی دەڤەرەکە بۆیان رەخسا، بواری کەلتووری و رۆژنامەگەریان ئامادەبوو، ئێستا لە وڵاتی کۆسۆڤۆ شەش رۆژنامەی رۆژانە بە زمانی ئەلبانی دەردەچێت، رۆژنامەی هەفتانەو مانگانەو گۆڤاریشیان زۆرە. تەلەڤزیون و رادیوی شەپۆل بەربڵاوو هەرێمیان زۆرە.**
**ئەلبانیەکانی ئەلبانیاو هەرێمەکە روو لە کۆسۆڤۆ دەکەن بۆ کاسبی و پارە پەیداکردن، هەرزانتر کاردەکەن، خەڵکەکە زۆر حەز ناکەن ئەلبانی تر بەشیان بخوات، بەلاَم سنووریان بۆ کراوەتەوە.**
**ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆش ئیسلامن، بەلاَم زۆر کەم لە ناوەرۆکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەزانن، دە ساڵیەکە قورئانی پیرۆز تەرجمەی ئەلبانی کراوە، لە دەرەوە چاپکراوە, لە مزگەتەکانیان کە ئێستا ژمارەیان زۆر زۆرە، وڵاتانی ئیسلامی زۆریان دروستکرد، نوێژو قورئان خوێندن هەیە، خەڵکی**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر شەقامەکانا نوێژی هەینی دادەبەستن، لە مزگەوتە زۆرەکانا جێگایان نابێتەوە. من یەک ئەلبانی کۆسۆفۆیم لەم وڵاتەدا، واتە لە سوید نەبینیوە، دوو سورەتی قورئانی پیرۆزی لەبەربێت، کەمیان هەیە بزانی نوێژ بکات، بەلاَم لە کۆسۆفۆ، وا خەریکە نوێژکەران و دینداری زۆر گەشە دەکات، مزگەوتەکان جمەیان دێ، بەرۆژوو دەبن، کەم کەم مەسیحیش هەیە، بەلاَم لە ئەلبانیا زۆرترن، رەوشی ئابووریان خراپتر بە پارەی کەمتر کار دەکەن.

جواهێر، وتی لەم سەفەرەم بۆ کۆسۆفۆ بە باوکم وت ئیسلامەکانی ناو سوید، ئەوانەی زۆر لە ئیسلام دەزانن، دەڵێن، ئاینی ئیسلامی بواری داوە، ئامۆزاو پورزا لەیەکتری مارەبکرێن، بە پێچەوانەی ئیسلامی ئێرە ئەمەیان زۆر قەدەغەو کفر کردووە، وتی:

باوکم کە ئەو قسەی بیست دەستی بەرزکردەوە و ویستی لێم بکات ، جنێوی پێدام و وتی:

لە دین وەردەگەرێیت، کافر دەبیت، ئەم قسانە نەکەیت. ئەو وتی هێشتا زۆر دابو ناوەرۆکی شەرِیعەتی ئیسلام نازانن.

بۆ راپەراندنی کاروباری خۆیان و هاولاتیانیان لە کۆسۆفۆ، وڵاتانی ئەوروپی وا خەریکە ئۆفیسی خۆیان لە بریشتینا دەکەنەوە. سویسرا ئەم ئۆفیسەی کردۆتەوە، ئەلبانیەکان شاییان بەم ئۆفیسانە دێت و پێیان دەڵێن، سەفارەت. ئەوان ئەوە بە ناساندنی سیاسی بە وڵاتەکەیان دەزانن

جواهێر وتی :

( بریشتینا ) یان ئەوەندە جوان وخۆش کردووە، بەهەشتێکە، من هەموو ئەوروپا گەراوم، بۆ نمونە بەنزینخانەیەکیان دروستکردووە، ئەگەر وێنەی لە ئەمریکا هەبێت، ئیش زۆرە، لە هەموو گۆشەیەکی وڵات، کارکردن و ئاوەدانکردنەوەیە، زمانی ئینگلیزی لە جیاتی سربی جاران لە مەکتەب دەخوێنن، ئەلبانیەکانی ناوچەکە بە حەسرەتن بۆ کارو دیتن و ژیان روو لە کۆسۆفۆ بکەن. منیش وتم:

ئەدی بۆ زۆر لەوانەی لە سویدن بۆ گەرانەوەیان خۆیان دەشارنەوە، راپۆرتی خراپی تەندروستی نیشان دەدەن. وتی ئەمیان راستە، هەر نابێتە سوید، دیارە هێشتا خەڵکەکە لە ئارامی ناوچەکەو هێرشی سربیەکان دڵنیا نین



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

9

# ساکار

لە گەرمەی شەڕی توندو خوێناوی نێوان عیراق و ئێراندا، تیگەیشتم، شەڕەکە گەورەیەو مەترسی لە سەر ژیانمان زۆر زۆرە، بۆیە بریارماندا، لە ترسی رووحی خۆمان، بەشەوو بەترس، بە ناو کێلگەی مین و سەدان کەمین، بپەرینەوە. لە ناو شارۆچکەی ( خانە ) ی ئەودیوو گیرساینەوە، بۆنی ئەودیومان بۆ دەهات، لەوێش بۆنی دووکەڵ و کوشتن دەکرا. رەوشەکە لەسەر سنووریش مەترسی گەیشتێ، هێز نزیک دەکەوتنەوە، بۆمبای فرۆکەکان بەردەوام بۆمبابارانی ناوچەکەی دەکرد. ئەوە سەرەتای سەربردەی ئاوارەبوونی ساکارو هاوسەرەکەی بوو.

هەرچەند شەڕەکە گەرم دەبوو، ئەوان زۆرتر دەچوونە ناو قوڵایی خاکی ئێران، تا گەیشتنە تاران لەوێ لە کەمپێکی ئاوارەکان، کەوتنە ناو گێژاوێک، دەنگوباس و ئاژاوەو بێ بەرنامەیی خەڵکەکە، شێوانی رەوشەکە، ئەوانیشی سەخلەت کرد. ئەوەیان باش بوو پارەیان هەبوو، بە جەوازێکی دەستکارییکراو، بە هاوکاری و چاوپۆشی دەستەڵاتدارانی فرۆکەخانەکە، بە ئاسانی فرین و لە فرۆکەخانەی ستوکهۆلم دابەزین.

ئەو رۆژەی ئەوان دابەزین لە وڵاتا، رۆژی ( لوسیا ) بوو، بۆ بەرز راگرتنی دەوری و پاکی ئەو پاکیزەی مەسیحیەت، کە لە خەباتی بۆ گەشەی ئایین دەبێتە قوربانی، لە هەموو گۆشەیەکی جیهانی مەسیحیەت یادی دەکەنەوە، بەڵام هەر وڵات و نەتەوەیەک بە جۆرێک و بە شێوەیەک یادی لوسیا دەکەنەوە.

لەو وڵاتەدا چەند مانگێک پێش ئەو بەرواره، لە هەموو شارو شارۆچکەیەک بە هۆی دەزگاکانی راگەیاندن، بە دەنگدان و پرس و را، کیژێکی جوان و چاوە ئەستێرەو بالابەرزو ناوبانگ باش هەڵدەبژێرن، بۆ گێرانی دەوری لوسیا، ئەم کیژە نازدارە بە بەرگی سپی خۆی دەپۆشی و چەپکە مومێک



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بەداگیرساویی لەسەر سەری رادەگرێت و مومێکی داگیرساویشی بە دەستە، چەند کیژو کوڕی لە تەمەنی گوڵی وەک ئەو، لە دوای دەرۆن و سروودی تایبەتی ئاینی لوسیا دەڵێنەوە، لەبەردەم ئامادەبووان گوزەر دەکەن، ئەوانیش بە سۆزو بە هێمنی بێدەنگ رادەوستن. ساڵانە ئەم یادە دەکرێت، چەند رۆژ پێشتر شارەکان، گوندەکان، کەنیسەکان، پێش هەموو پەنجەرەیەک، بە مومی داگیرساو بۆ ڤیانی پاکی لوسیا رووناک دەکرێتەوە.**

**بەڵێ، ئەوان لەو رۆژەدا، گەیشتنە ئەو وڵاتەی هەر ناوەکەیان بیستبوو،**

**لە شارێکی خەوتووی ناو مومستان،**

**لە شارێکی مەستی ناو ئاهەنگی خواردن و پشوودان،**

**دابەزین. وایان زانی دەنگی زۆری ئەو سروودە، وەک وڵاتەکەی خۆیان سروودی نیشتیمانی و یادێکی سەرۆکە. شاریان زۆر پێ جوان بوو، بەڵام زۆر دوودڵ بون، ئەو کاتانە هاتن و گەیشتن و راهاتن ئاسان نەبوو، کەسنەناس، نامۆ، بێکەس، ئەوانیش ئەو نەتەوەیان کەم نەدەناسی.**

**ئەو قسەیە، ئەم سەفەرە بەجەرگە، بیست ساڵ پێش ئیمرۆ بوو. ئەوە بیست ساڵە، بە زمان و کەلتوورو کارو بەرنامەی رۆژانە ئاوێتەی ئەم وڵاتە بوینە. بۆ ئەو پرسیارێکی کورت، وڵامێکی درێژو بە سوودو بە لقی هەبوو.**

**چەند وڵاتی ئەم جیهانە گەڕاوە، جۆرەها کاری کردووە، زوو زمان فێربووە، رۆژانە رۆژنامە گەورەکەی وڵات دەخوێنێتەوە، ئەو دەیووت:**

**خۆشترین شت، لە لای من ئەو کاتەی درەنگەی شەوانە،**

**کە لە دەرزی پۆستی شوقەکەمان رۆژنامەکەمان بۆ فرێ دەدەنە خواری، دەنگی تەقەکەی، زەنگەو هەواڵی جیهان پێ دەڵێت، بەسەرهات، کەلتوورو سیاسەت و..و .. بۆ دێنێتە ژوورێ. نیوە شەوە، دەزانم چە لە دونیا رووی داوە، لەم وڵاتەدا، لە هەموو خێزانێک چە رووی داوە...!! هێشتا شەوەو ئەو حەز دەکات بزانی چە باسە، حەز دەکات کە دەچێتە سەرکار ئاگاداری وردو درشتی رووداوی دونیا بێت، هەر ئەو بەوان بڵێت، نەک ئەوان بۆی باس بکەن.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لە دوورگەی کریت، خاوەن ماڵە ئوتێلەکە، بۆی گێرامەوە، کە یونان زۆر ماندوو کرابوو، چەند سەد ساڵێک لەشەڕی دەرەوەو ناکۆکی کەنیسەدا خوێن و برسیەتیان بینبوو. ئەو وتی**

**هەردوو برا تەمەن گەورەکە، کە زانیان، من کوردم و ئامادەیی گوێراگرتنم هەیە، کەوتنە قسان، وتیان:**

**بوخچەو دڵ و بازرومان هەڵگرت، بە ناو دەریای شێت و بە پاپۆری شەق و شری و ماندوو، بەرەو وڵاتی نوێ و کارکردن و پارە پەیداکردن رۆیشتین، برسیەتیمان بینی، تێنومان بوو، ئارەقەمان بۆ پارە پەیداکردن رشت، تا پارەی ئەم ئوتێلەمان دابین نەکرد، نەگەراینەوە، ئاوارەو ماندووبوین، وڵات ئەوەی دەخواست، ژیان ئەوەی دەخواست. کە زانیمان سبەی وڵاتمان دەبێتە قیبلەگای ئەوروپایان، بۆ گەرمی و جوانی دێن، ئێمەش کارمان بۆ پیشەسازی توریستی کرد، پاش ماندووبون و پارەکۆکردنەوە گەڕاینەوە، بە پارەکەی ماندبوون و شەونەخونی و ئاوارەیی ئەم ئوتێلەمان بۆ ئیسراحەتی مێوانان و بۆ قازانجی خۆمان و دابینکردنی ژیانمان دروستکرد.**

**سویدییەکان کە بۆنیان کرد، لە وڵاتی تازەی ئەمریکادا، کارو پارە هەیە، سوار بون و رۆیشتن، لەوێش بەرەو دەڤەرە ساردەکانی ئەم کیشوەرە تازەیە رۆیشتن، ئەگەر بۆ هاووڵاتی تر، دەڤەرە ناوچە ساردەکان زەحمەت بوو، بۆ ئەوان بەهەشت بوو، لە چاو وڵاتی خۆیان، گەرمێن بوو. کاریان کرد، سەرمایەو هزری پیشەسازییان هێنایەوە، پلیتی سەفەریان بۆ براو خزم و کەسیان ناردەوە، هاتن، بووک و زاوایان بردەوە. یەکێک بۆی گێرابۆوە:**

**کەوا برایەکیان بۆ هەر پێنج براکەی، یەک پلیتی پاپۆری ناردبۆوە. هەموویان سەفەریان دەویست، بۆیە لە نێوان خۆیانەوە، کردیانە تیروپشک، بەرکێ بکەوێت ئەو سەفەر بکات و گفت بدات، کە ئیشی کردو پارەی چەنگ کەوت، یەک دۆلار سەرف نەکات، دەست بە پارەکەی کرێکاریەکەی وەربگرێت بۆ یەکێکی تریان رەوانە بکاتەوە، ئەو وتی:**

**بەخت بەر باوکم کەوتبوو، سەفەری کردبوو، چاک خۆی لە کارکردن سەرفکردو گەرابۆوە..!! لێرە دایکی ئێستامانی هێناوەو ئیسراحەتی کردووە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لەم رۆژانەدا دەزگای پۆستی سوید لە ستوکهۆلم، پێشانگایەکی نامەی کردبۆوە، لەو پێشانگایەدا، نمایشی ئەو نامانەیان کردبوو، نامەی ئەو کەسانەی لە ناو پاپۆری " تاتانیک" لە ساڵی 1912دا خنکابوون، نیشاندا. نامەکانیان پێش بەرێکەوتنیان لە ماوەی چاوەرێیان لە بەندەرەکانی بریتانیا، لە رێگادا، رەوانەی وڵاتیان کردبۆوە، ئەو نامانەیان نمایشکرد، بەراستی ژانی سویدییەکان لەو کارەساتەدا زۆربووە. ئەوان لەبەر دەست کورتیان پلێتی هەرزانی نهۆمی خوارەویان هەبووە، بەلەمی رزگاربونیان بەر نەکەوتبوو، ئەوانی نەداربوون، لە نهۆمەکانی بنەوە بون زۆرترو زووتر خنکان. کە ماڵ و سەرمایەیان فرۆشتبوو، کە مولک و ئەرزیان فرۆشتبوو، هەر بەشی پلیتی نهۆمی خوارەوەیانی کردبوو، بۆیە زۆر خنکان. نامەکان، هیواو گفتی زۆری تێدابوو.**

**دانیشتن لەگەڵ ساکار خۆشبوو، کەم سویدی هەیە بە قەد ئەو یاساو رێنماییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە زۆرەکانی ئەم وڵاتە شارەزا بێت، ئاگاداری هەموو لایەنەکان بوو، وڵامی هەبوو، نازانم، یان لەبیرم نەماوەم نەدەبیست.**

**لەسەر سنووری مەکسیک ئەمریکا بۆ یادگاری کڵاوپوشینەیەکمان لە مەکسییەکان کری و سێبەرەکەی لەو گەشتەیدا تامی سازگاری پێداین. لە ناو حەوشەی گەورەو پیرۆزی فاتیکان و لەبەردەم پاپادا، بە شکۆوە راوەستاو پەیکەرەکان حەیرانی کردبوو. زۆرجار ئاپوورەی ناو لەندەن سەرسامی دەکرد. گەشتی پاریسی بۆ دیتنی بورجی ئیڤل و سۆربونی لەبیر ناچێتەوە.**

**لە دوورگە جوانەکانی ناو سویدا، شەوانە خیوەتیان هەڵداوەو لە ناو سروشتی سیحراوی شەوانی ناو ئەو دوورگانە ئەبلەق دەبوون. زۆر جار وتویەتی، شاخ و تاڤگەکانی نەرویج نمونەی نییە. لە یونانا، لە دوورگەکانان، لەسەر داوای خۆی وێنەی مێوەی باوی ناوچەکەیان لەسەر فەخفووری ناسکی شوشە، لەبەردەمیا بۆیان نەخشاندووە. خواردنی وڵاتانی چواردەورەی دەریای ناوەراست خۆش و تەڕ و بەتامن. زۆری دییوە بگێرێتەوە، دیمەنەکانی لەبیرە، ساڵ بە ساڵ پێش راپەرین، پێش کردنەوەی دەوازەی سەردانی کوردستان، پێش هاتنەوەیان و دیتنەوەیان قەدی ئەستووری پیرە قەڵات. دەگەران، زۆر گەراون، بەڵام، ئەو وتی هەموویان، سەفەرەکان، کەنارە هێمنەکان، فرۆکەخانە گەورەی**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پایتەختەکان، هەموویان، یادی ئەو چەند ساڵە ئاڵۆزەمان، ناگاتە ئەو شەوەی کە لە بناری هەڵگورد، کە دەپەرینەوەو ترسمان لەسەر نەما، ئەو شەوەی شوانە خوێن شیرینەکە، سەرپۆشێکی لانەوازو کۆنی داینێ و خەومان لێکەوت.**

**ئای کە لە بناری هەڵگوردا، خەوی خۆشمان لێکەوت.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

10

# مارتینا

**مارتینا، چاوی رەش و خاڵە رەشەکەی رووومەتی لەوانی**
**جیادەکردەوە، هەر کە بینیم، لە دوورەوە ناسیم، زانیم خۆیەتی، ئەوم دەویێت. دوو بابەت دەووروژێنین، زۆرتر باسی لە لایە. دەتوانی باسی وڵاتی پیرۆم بۆ بکات، لە ئەسپانیاش شارەزایە، مێردی سویدییەو لەم کۆمەڵە دەژیت. ئەگەرچی دوو دڵ بوم لێ بپرسم، خەڵکی کام وڵاتە..!! خۆی بە پیرۆیی دەزانی یان بە ئەسپانی دەزانی..!! لە وڵامدا وتی:**

**بە نەژاد پیرۆییم، لە ئەسپانیا چاوم کراوەتەوە، بە سەردان**
**هاتمە سوید، میوانی براکەم بوم، ئەو دە ساڵە لێرەیەو کار دەکات. لێرەش مێردم کردو کیژێکم هەیە. بریاردان و مێردکردن بە پیاوێکی سویدی زۆر زەحمەتە، زۆرم بیر کردەوە، زۆر چاوەروان بوم، بریارەکەم دوو ساڵی خایاند، بەڵام ئێستا پەشیمان نیم.**

**لە درێژەی ئاخاوتنەکەمان، زۆری وت، منیش زۆرم بە بیر**
**هێنایەوە. لەمێژە پیرۆیەکان شەیدای سەفەری ئەسپانیان، هیوای یەکەم و گەورەیان سەفەرە بەرەو ئەسپانیا, دێن کار دەکەن.**

**ـ چە جۆرە کاریان پێ دەکەن..؟؟**

**منداڵ بەخێوکردن، کرێکاری دیوارو دروستکردن.**

**ـ کاری توریستی و خزمەتی دەزگاکانی گەشتەگوزاری ناکەن..؟؟**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ئیشە بەر پیرۆیەکان و هاوولاتیانی ئەمریکای لاتینی ناکەوێت.
ـ پیرۆیەکان چۆن دەگەنە ئەسپانیا..؟؟
زۆر بە زەحمەتی، دەبێ پارەت هەبێ، پارەت لە بانک بخەوێنیت، سەرمایەت هەبێ، تا نەبیتە بارگرانی لەسەریان، وەرگرتنی ڤیزای هاتنە ناو ئەسپانیا زەحمەتە.
ـ زۆرن لە ئەسپانیا..؟؟
چەند ملیونێک دەبن، پاش پێنج ساڵ مانەوەیان جنسیەی ئەسپانی وەردەگرن.

بە وردی باسی چاندن و بەرهەمهێنانی کۆکایینی لە پیرۆ بۆ کردم.
مارتینا وتی:
ئەم رووەکە، گەلایەکی سەوزی هەیە، وشک دەکرێتەوەو چاک دەکرێت، لەگەڵ مەوادی کیمیاوی تایبەتی ترا ئاوێتە دەکرێت، بە زۆری لە باکووری ولاتا هەیە، زۆر بۆ ئەمریکا رەوانە دەکرێت، بۆ ئەوروپاش، حکومەت دەرەقەتیان ناهێت، کە بەسەریان دادەن باخچەکانیان بە شینی دەسوتێنن، حکومەتی ئەمریکی هاوکاری دەنوێنێت، بۆ کەمکردنەوەی چاندنی ئەم گیایە ترسناکە کە بەشی زۆری بە قاچاغ دەگەرێتەوە ئەمریکا، لەوێ بازاری گەرمەو زیان بە کۆمەڵگەی ئەمریکی دەگەیێنێت. چونکە سەرمایەو داهاتی زۆری بۆ وڵات هەیە، بۆیە ناکرێ دەستبەرداری بن.
بە پلەی یەکەم هاوولاتیانی ئەکوادۆرو پاشان پیرۆیی و کولومبی و دومنیکانی دێنە ئەسپانی، عەرەبی مغریبی لە دەریای شێت و مەترسی دەدەن و بە قاچاغ دەپەرنەوە. منیش ئەوەم بیستبوو، بۆیە وتم، یەک دوو ساڵ بەر لە ئێستا ئەسپانیا بە تەمای دروستکردن و بەرزکردنی شوورەیەک بوو بە رووی مەغریبەکان. لە وڵامدا وتی:
ئەوەم نەبیستووە..!
ئەو کەمتر زانیاری لەسەر پیرۆ هەبوو، زۆرتر ئەسپانیای وەک وڵات و خەڵک وکاسبی دەناسی. کە وتم:
لە ساڵی 1970دا بەرهەمی ماسی لە وڵاتی پیرۆ 18% بەرهەمی هەموو جیهان بووە، وتی:



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆرە، بەڵام بە ڕێژەو ژمارە نازانم. کە وتم، ئەو ڕێژەیە بۆ دابەزییوە..؟؟
ساڵ بە ساڵ
دووبارە وتی:
ئەوەشیان ئاگادار نیمە..!! ئەوەی دەزانم وڵاتەکە، کەنارێکی درێژی هەیە، ماسی سەرمایەو سەرچاوەی گرنگی ئابووری وڵاتە.
کە وتم، پیرۆ زانکۆی گەڵێک زۆرە، ئەو لە وڵامدا وتی:
بە ژمارە نازانم، بەڵام ئەوە چاک دەزانم، هەموو زانکۆکان ئەهلیین و خویندنی تیدا بە پارەیە. بۆیەش زانکۆی وا هەیە تەنیا سەد کەسی تێدا دەخوێنێت.
بە سێ ساڵ ژیانی لە سوید زمانەکەی زۆرە باشە، بۆیە لێم پرسی:
ـ دیارە زمانی ئەسپانی لەبەر ئەوەی ئەوروپییە، ڕەنگە لە سویدی نزیک بێت و فێربوونی ئاسان بێت، لە وڵامدا وتی:
نەخیر..!! بێچگە لە چەند زاراوەی باوی جیهانی ناسراو، هیچی تری لە ئەسپانی ناکات، دوو زمانی زۆر جیاوازن، ئەسپانی وەک زمانی عەرەبی نێرو مێی هەیە، کارو ناو نێرو مێی هەیە. من پیاوەکەم فێری ئەسپانی دەکەم، ئەویش بە سویدی دەمدوێنێت.
ـ ئەسپانی بۆچی یە..؟؟
حەز دەکات، دەیەوێت فێر بێت، ئەگەر ئەسپانی بزانێت، لە سبەینێ زووتر نییە، دەچینە ئەسپانیا، ئەویش شەیدای ئەم وڵاتەیە، وەک منە، من چۆن لەوێ نازو سۆزو پەیوەندی و قەرەباڵغی دەدۆزمەوە، ئەویش تیشکی خۆرو کارو جوانی سروشتی دەوێت.
میللەتی پیرۆ، ئاوێتەی دوو نەژادن، نیوەیان سپی و میستیسیرن، نیوەکەی تریشیان نەژادی هیندی ئەسلن. ئەسلی سپی هەیە، لەگەڵ هیندیەکانیش ئاوێتەبوون. زمانی کیچوەش هەیە، بەڵام نەک وەک خوێندن و نوسین، لە دەزگاو مەکتەبەکان هەر ئەسپانیەو بەس. دە ساڵ پێش ئیمرۆ، سەد ساڵی تەنیاییەکەی گابریلم بە ئەسپانی خوێندیتەوە، ئەو لە کولومبیا بە ئەسپانی نوسیویەتی، بۆ ئەرجەنتینیک و پیرۆیەک و ئەسپانیەک یەکە. زمانی ئەسپانی وەک کەلتوورو خوێندن و نوسین لەو ڕووبەرە پان و بەرینەی خۆی،



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لە دوو سێ کیشوەردا، یەکەو بە یەکگرتوویی ماوەتەوە. زمانی ئەسپانی ئیمرۆ سێیەم زمانی گەورەی جیهانە، نزیکەی 265 ملیون کەس لە دونیادا قسەی پێدەکەن. پاش ئینگلیزی و چینی دێت.**

**مارتینا، هێدی هێدی دەئاخفی، لەو هێمنیە راهاتبوو، لە شارێکی ئاپوورەی وەک مەدرید، لە هاوینانا، سەرژمێری دەگاتە نزیکەی دە ملیون، لەو شارۆچکە بچوکە لاچەپە دەژیت، فێربووە، خۆشەویستی و ژیان و هیوای مەزنی بە کیژە تاقانەکەی هێوری دەکاتەوە.**

**ـ تۆش.!! سامبۆ ( مێردکرن بە بێ مارەبڕین) دەژیت...؟؟**

**زۆر بە خێرایی و بە نەخێر، وڵامی دایەوە، لەلای ئێمە ئەوە نییە، ئەگەرچی پیاوەکەم بڕوای بە ئایین و کەنیسە نەماوە، بەڵام لەسەر داوای من هاتە کەنیسەو مارەکراین، رازییشە ئینجلیک، تەنیا بۆ پیرۆزی لە ژوورەکەماندا هەبێت، ئەو بڕوای پێ نی یە. من سەرسامم بە پەیوەندی سامبۆی نێوان ژن و میردی ئێرە، ئەوە لە لای ئێمە قبول نی یە.**

**ئەدی هەر بۆ دەرمانیش بێ با ئاورێ لە سیاسەت بدەینەوە، کام وڵات دیمکراسیە، کامیان دکتاتۆریەت پەیرەو دەکەن...؟؟ لە وڵامدا وتی :**

**لە سەردەمی بینوشیە، کۆمەڵکوژی زۆر لە شیلیی ئەمریکای لاتینی کرا، بۆیەش ژمارەی هاووڵاتی شیلی زۆر ئاوارەبون و زۆریان وا لە سویدا گیرساونەتەوە. بەڵام ئیمرۆ لەوێ و لە ئەرجنتین بۆنی دیموکراسیەت هەیە، رژێمی زۆر دکتاتۆریش لە ناوچەکە هەیە. ئەو وتی، کوبا.**

**کە ماڵئاواییم لێکرد، وەک خەڵکی خۆمان هیوای بەختەوەریم بۆ خواست و کەیفیشی بەو هیوایە هات، بە بزەیەکی شیرین و دەستکوشینێ رۆیشت. جا نازانم ئەو سوودی لە من بینی، کە زۆری وڵاتی پیرۆم بە بیرهێنایەوە، یان من ریپۆرتاژێکی بەسوودو تازە بابەتم بۆ لاپەرەی رۆژنامەگەری کوردی تۆمارکرد.**

---



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دوا هەڵمی سارد، یان گەرم.!

کەسەکان بە ناوو گێرانەوەو رووداوەکان، ژنی بێگانەی ناو کۆمەڵگەی ئیمرۆی وڵاتی سویدن. ژنن، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە پان و بەرینەدا، لەبەر زۆر نیگاو مەبەست و دیتن و هۆکار هاتوونەتە ئەو وڵاتە.
ژنی وا تێدایە لەمێژە لەو وڵاتە دەژیت، لەو ژیانە زۆر سەرفرازە،
ژنی تێدایە تێدایە، تازە هاتووە، لەو ژیانەدا زۆرتر سەرفرازە،!
ژنی تێدایە بە چاوو بە هەناسە، هاتووە، بەڵام بە هزرو ئەڤین هەر نەهاتووە.!

ژنەکان، ماندووون و سەرفرازن .!!
ژنەکان، هاتوون و نەهاتوون..
لێرەن و لێرە نین ....!!!
زۆریان بۆ گەرام، تا لەو بەفرستانە کۆم کردینەوە،
لە نووسینەوەکان دەشلەژام، ماندوو دەبووم،
گریانم هاتووە، بە جوانیان سەرسام بووم، بە چیرۆکەکانم زامداربووم، بە زمانەکانیان ئەبلەق بووم.
لەناو چاویان خنکام، لەناو هەناسەیان سووتام، لەناو وڵاتەکانیان گەڕام.
ئەو دە ژنە دە کیشوەرن، دە زمان و کەلتوورن، دە سەربردەی نوێن، دە مانگی کارکردنم بوون، دە ریپۆرتاژی خۆشەویستم بوون.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم
22072007



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پێناسەیەکی نووسەر:**

**لە 1955 لە شاری دێرینی ( هەولێر ) لەدایکبویمـە.**
**ئامۆژگای تەکنلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.**
**تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.**
**لە ساڵی 1998 ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.**



**چاپکراوەکانم ...**

**لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی ( هەولێر ) م بە قەبارەی 365لاپەرە ئامادەو چاپکرد.**
**هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی" هەولێر " م دەرکرد.**
**کەلاوە .. 1991 ریپۆرتاژ / بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.**
**دیوەخانی فلێن ... رۆژانەو ریپۆرتاژە / لە 1999 لە رۆژنامەی " ئالای ئازادی " زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.**
**هەولێر .. تا دبلن ! .. 2000 ریپۆرتاژ / زانکۆی ئازادی بەرلین.**
**بەغدا.. بۆ هەولێر ! .. 2000 ریپۆرتاژ / سویدو سلێمانی.**
**مەملەکەتی فارگۆنەکان ... 2001 ریپۆرتاژ / سلێمانی.**
**بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو .. 2001/ رۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25ی گۆڤاری " ئاینده " ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**
**دە رۆژەکەی هەولێرم .. ( 11) وتارو ریپۆرتاژبوو / لە گۆڤاری ( گوڵان ) ی هەولێرو رۆژنامەی ( کورد ) لە ئوستralیا بڵاودەکرێتەوە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا/ وەرگێران. لە هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.**
**سارد، یان گەرم .. ( 12) ڕیپۆرتاژبوو / لە ڕۆژنامەی ( هەواڵ ) ی سلێمانی لە یولیو 2001 ـ ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەک نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**
**فارگۆنەکان ..... ڕیپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر بڵاوکرایەوە.**
**مەملەکەتی کەلاوە ... وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەک نامیلکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.**

**ئامادەی چاپە:**

**هەتان، چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988 ەوە ئامادەیە.**
**بەبیر نەوەکانتانیان بهێنەوە. وەرگێران. لەسەر قرکردنی جولەکەکانە لە ڕۆژانی شەری دووەمی جیهانیدا، لە سەنتەری نما لە هەولێر بڵاودەبێتەوە.**
**مەجبوور. .......... سوید 2002**
**کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر نۆرەی چاپی گرتووە.**
**تەها حوسین .. نابینایەکی بینا ....... سوید 2005**
**مارتن لۆسەر و: سوید 2006**
**ئەنجیلا میرکل و: سوید 2007**
**مێزەرو گوڵ دیدی سەفیری فەرەنسابووە لە ئێران و: سوید 2007**
**سێکس وپۆلیتیک و: سوید 2007**
**پرێنسیس ماساکۆ دیلی ناو کۆشکی ژاپۆن و: سوید 2007**
**جاک شیراک، نەناسراوەکەی کۆشکی ئالیزیا و: سوید 2007**
**بەهەشتی زیندان .. وتارو ڕیپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەمنووسی، ئێستاش گۆشەی ( برێڤ ) لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.**



PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com